


# نووسەری کتێبی (مسار السنونو) کۆچی دوایی کرد

بە ناوی سەرنووسەر و تەواوی ستافی گۆڤاری(گوڵان) پرسە و هاوخەمیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و دۆست و هاورێیانی خوا لێی خۆش بێت نووسەر و رۆژنامەنووس جومعە حەلفی دەکەین، کە دوای ململانێ لەگەڵ نەخۆشیدا کۆچی دوایی کرد، نووسەری کتێبی (مسار السنونو)یە کە لەسەر ئەرکی گۆڤاری گوڵان لە ساڵی ٢٠١٣ چاپکرابوو، لە شێوەی رۆمان باس لە خەبات و تێکۆشانی مەلا مستەفا بارزانی دەکات، شایانی باسە خوا لێی خۆش بێت پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا هەبوو.

حەلفی لەچەند دێڕێکدا:

- لە ساڵی ١٩٢٥ لە پارێزگای مەیسان لەدایکبووە.
- ئەندامی یەکێتیی گشتی ئەدیب و نووسەرانی عێراق و سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٤ ەوە لە رۆژنامەنووسییدا کاریکردووەو سەرنووسەری رۆژنامەی (الصباح) ی بەغدادی و گۆڤاری( الشبکە)ی عێراقی بووە.
- دەیان کتێبی سیاسی و شیعری و کۆمەڵایەتی بە چاپگەیاندووە و سەدان وتار و توێژینەوەی سیاسی و رۆشنبیری لە رۆژنامەو گۆڤارە عێراقی و عەرەبییەکاندا بڵاوکردتەوە.

# شێوازی نوێی مانەوە لەپێناوی جیابوونەوە لە عێراق

**ئەگەر هەر ڕۆژێک ئیرادەی ئێمە وەربگیرێ، ئەوە لەگەڵتان دۆستێکی باش دەبین، جیرانێکی باش دەبین، دوژمن نابین، بەڵام ئێمە عێراقی نین و جیادەبینەوە**

بەبێ دوودڵی زۆرینەی ڕەهای وڵاتی کوردستان بڕیاری مێژوویی خۆی تۆمار کرد، بڕیارێکی نوێ نییە، بەڵام بۆ یەکەمین جارە دوای سەد ساڵ لە دابەشکردنی کوردستان بۆ چوار پارچە، بە یەکجاری ئەو گومانە ڕەوییەوە کە میللەتی کورد بە خواستی خۆی داخڵی ئەو دابەشکارییە بوویێت کە سەدەیەك لەمەوبەر بەسەریدا سەپێندرا. تا ٢٥ی ئەیلوول لە هەموو شوێنێکی دنیا ئەگەر گفتوگۆ لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان کرابایە، خەڵکانی بیانی و زۆرجار ناوخۆییش پرسیارەیان دەکرد کە کێ دەڵێ جیابوونەوە تەعبیر لە ئیرادەی میللەتی کورد دەکات؟ کێ دەڵێ جیابوونەوە تەنیا بژاردە و تەنیا پێناو و ئەلتەرناتیڤە بۆ ئەوەی میللەتی کورد بگاتە ئەمان و ئارامی و بتوانێ بە هێمنی ژیان دەست پێ بکات. بۆیە پێویستە لێرە بەدواوە گرنگیی ریفراندۆممان بەلاوە زۆر روون بێ. سەرۆك بارزانی قسەیەکی زۆر روونتری هەیە، دەیگوت بۆ دنیای دەسەلمێنین کە ئێمە چیمان دەوێ، دوای ئەوە دەکەوینە گفتوگۆ لەگەڵ عێراق، لەو گفتوگۆیە نەفەسێکی درێژمان دەبێ، نەك هەر لەگەڵ عێراق، لەگەڵ هەموو دنیا و دەوروبەرمان. لەمە بەدواوە ئامانجی گفتوگۆیەکانی کورد لەگەڵ عێراق و لەگەڵ دەوروبەر جۆرێکی تر دەبێت. دوای ریفڕاندۆم ئەگەر کورد بڕیاری دا لەعێراق جیانەبێتەوە، ئەوکات نیاز و خیتابی ئێمە دەگۆڕدرێت، چونکە یەکلا دەبێتەوە کە ئێمە عێراقین و بە نەفەسێکی دیکە لەگەڵ عێراق دەکەوینە گفتوگۆ، دەکەوینە منافەسە بۆ بیناکردنی عێراقێك کە ئێمەش بەشێك بین لێی. ئەگەر کورد گوتی نا، ئێمە عێراقی نین و ئەم چارەنووسە خۆمان هەڵمانەبژاردووە و ئێستا بڕیاری لێدەدەین، لە دوای ٢٥ی ئەیلوولەوە هەر سیاسییەکی کورد، هەر هاووڵاتییەکی کورد، کاتێك بەرامبەر هەر عێراقییەك، یان هەر سیاسیاسەتمەدارێکی عێراقی دادەنیشێ، یان لەگەڵ هەر دۆستێکی دەرەوە، لەگەڵ هەر موخالیفێکی خۆی دانیشێت، ئیتر بارێکی دەروونیی نوێ دروست دەبێ کە ئەوە کوردێکە عێراقی ناوێ، ئێستا وا قسە دەکات. میللەتێك کە خۆی بە هاووڵاتی ئەم دەوڵەتە نازانێ و بە زۆر هێڵدراوەتەوە. لەو کاتەدا ڕەفتاری هەموو لایەك دەگۆڕدرێ. هەڵوێستی سیاسەتمەداران و پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق و



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

کەسایەتییە سیاسییەکانی دوای ٢٥ ی ئەیلوول گۆڕدرا. ئێمە تا ٢٥ی ئەیلوول زۆربەی زۆری سیاسەتمەدارەکانی شیعە و سوننە و ئەوانەی عێراق بەڕێوە دەبەن، تەنانەت عەسکەریەکانیشیان؛ دەیانگوت کورد بۆ هێندە خۆیان گران دەکەن، ئەگەر دەیانەوێ جیا ببنەوە، با بڕیاری خۆیان بدەن، بەڵام جیانابنەوە. ئەم هەڵوێستەی میللەتی کورد قەناعەتی عێراقییەکان و جیهانیشی بە جارێك تێکهاڕی. ئەو باوەڕە ساختەیەی کە بە درێژایی مێژوو دروستیان کردبوو، کە گوایە کورد دەیەوێ لەگەڵ عێراق، ئێران و تورکیا و سووریاش بژیێ، بەڵام ئەوە سیاسەتمەدارەکانیان و ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزمە ناهێڵێ ئەمانە دابسەکنێن و هاووڵاتی باش بن. ئێستا ئەو بابەتە یەکلایی بۆوە. ئەم دەستکەوتە دەبێ ببێتە ئەلف و بای تێکۆشان، وەك سروودی ئەی ڕەقیب بەکاری بێنین. ئێمە عێراقی نین، ئەگەر لە عێراقیشدا بمانهێڵنەوە، ئەگەر بچینە پەرلەمانی عێراقیش و وەزارەتەکانیشان وەربگرین، ئەگەر لەگەڵ فەرمانگەکانی پەروەردە و پیشەسازیدا لەبەغدا لەگەڵ عێراق کار بکەین، دەبێ بەردەوام خیتابمان ئەوە بێ. ئەگەر هەر ڕۆژێك ئیرادەی ئێمە وەربگیرێ، ئەوە لەگەڵتان دۆستێکی باش دەبین، جیرانێکی باش دەبین، دوژمن نابین، بەڵام ئێمە عێراقی نین و جیادەبینەوە.

ئەو فشارە بەهێزە نێودەوڵەتییەی لەسەر بارزانی هەبوو، بۆ ئەوەی ریفراندۆم نەکرێ، بۆ ئەم ڕاستییە دەگەڕێتەوە. خۆ ئەگەر دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، حاڵ هەر وەك پێش ریفراندۆم بایە، ئەم فشارەیان نەدەهێنا، بەلاشیانەوە زۆر گرنگ نەدەبوو، ریفراندۆم دەکرێ، یان نا. بەڵام ئەوان دەیانزانی تەجرەبەیەکی نوێ دێتە ناو تەجرەبە گۆڕانخوازەکانی جیهان، ئەویش یەکەمین جارە میللەتێك دەسەڵاتی بۆ ماوەیەکی کورت بەسەر هەموو خاکی خۆیدا دەشکێ، بەدەر لە دنیا لە گفتوگۆیەکی بەرفراوانی ناوخۆیدا بەرهەڵداوە، لەهیچ نەترسابێ و بڕیاری خۆی بدات. خۆ تەنانەت ئەگەر ئەو بڕیارە جیابوونەوەشی تێدا نەبوایە و بۆ مانەوە بایە لەگەڵ عێراق، هەر دەبوا ئێستا بە شانازییەوە باسی بکەین. وەك زۆر لەو میللەتانەی لەو چەند ساڵەی دواییدا ریفراندۆمیان کردو بڕیاریان دا جیا نەبنەوە و شانازیش بە بڕیاری خۆیان دەکەن. بەڵام سڕی ئەو فشارە لەوەدا بوو

**بەداخەوە لە ستراتیژیی ئێرانیدا تەنیا نەمانی کوردستان تەعریف کراوە، هەموو کورد هیوادارە کە ئێران تەعریفی کوردستان لە ستراتیژیەتی خۆیدا بگۆڕێ، هەبوونی کوردستان دەکرێ لە بەرژەوەندیی ئێراندا بێ وەکو لە بەرژەوەندی عێراقدایە کاتێک کە رۆژگارێک دەمانەوێ لێی جیاببینەوە**

**ئەو هەڵوێستە خراپەی کە ئەمریکا لە بەرژەوەندی حەشدی شەعبی هەیبوو، هەندێ دەوڵەتی یاریکەری ناوچەکە نەک هەر تەئیدیان نەکرد، بەڵکو بوونە کەمپین بۆ پاراستنی کوردستان. ئەوەش نیشانەی هێزی پێگەی کوردستانە، نیشانەیە کە کوردستان بەرژەوەندی دەوڵەتانی دیکەی پێ دابین دەکرێ**

کە هەموو دەوڵەتان دەیانزانی ئەو تەقسیمە سەد ساڵەیە چەندە زاڵمانەیە، لە بەرانبەردا میللەتی کورد ئەو تێکۆشانەی کە کردوویەتی تەعبیر لە خواستی گۆمەڵگەکە دەکات، بۆیە ئەنجامی ریفراندۆمەکە دیارە. بەپێی مەنتقی کارلێکدی کردنی میللەتان، دوایی بڕیارەکە کار لە دنیا دەکات، کار لە ناوەندەکانی بڕیار دەکات. ئێستا وا خەریکە سیمای ئەو کاریگەرییە دەردەکەوێ، ئەویش زەحمەتە جیهان بەرانبەر بە ئیرادەی میللەتێك خەمسارد بێت، بەلایەوە گرنگ نەبێ میللەتێك بڕیاری داوە: من عێراقم ناوێ، بەڵام زۆر بە ئاسانی پێی بڵێن نا تۆ عێراقی و تۆ هەڵە دەکەی، تۆ تێناگەی، ئێمە دەزانین چارەنووسی تۆ چۆن دیاری دەکرێ!

ئەگەر خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر روونەدابا، نیوەی کوردستان دەستی لەشکری داگیرکەری نەگرتبایە، بیهێنێت تا نزیك هەولێر و دهۆك و سلێمانی، ئێستا ئەو بەرەیەی کە لە پردێ هەمانە لە دوزخورماتوو دەبوو، ئەو مقاوەمەتەی کە لە پردێ و لە مەحمودیە کرا لە سنووری کوردستان لەگەڵ عێراق بوایە، جەیشی عێراقی لەوانە بوو بشکێ و پێشمەرگە تا نزیك بەغداش بڕوات. ئەگەر یەکپارچەیی ناخۆی کوردستان هەبوایە، ئەوا ورەی میللەتی کورد دوای ریفراندۆم شتێکی دیکە دەبوو. ئەم هەموو شکانی عەسکەری و شکانی ناوخۆییمان تووش بوو. شکانی ناوخۆیی کە حزبی دووەم لە کوردستاندا هاوکاری دوژمنی کرد، سەرباری ئەوەش لە هیچ شوێنێکی کوردستان نابیندرێ خەڵك بە یەکپارچەیی لە ریفراندۆم پەشیمان بێ. کەواتە ئەم بارە نوێیە لەناو میللەتی کوردیش دروست بووە، لای دوژمنی ئێمەش دروست بووە، هەروەها لە گوتاری نێودەوڵەتیشدا وردە وردە کاری خۆی دەکات. هەر وەك کاتێك کە کۆڕەو روویدا، وەك ریفراندۆم ئیرادەی میللەتی کورد بریتی بوو لەوە کە تەحەمولی رژێمی ئەنفال ناکات، ئەگەر پێیناوێرین و دنیا بێدەنگ دەبێ، بەجێی دەهێڵین!

دوای کۆڕەو و ئەو بڕیارە مێژووییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (٦٨٨) دەرچوو، بۆ ئەوەی کورد بپارێزرێ. ئەو بڕیارە بوو بە سابیقەیەکی مێژوویی و کەوتە ناو سەوابیقی قانوونی نێودەوڵەتی. دوای کورد میللەتانی دیکەش بەوەوە پارێزران. خۆشبەختانە ئەوان گەیشتنە سەربەخۆیی، بێبەختیی میللەتی کورد ئەوەیە تا ئێستاکە هەر لە کارزاری سەربەخۆییدایە. خیتابی دوای ریفراندۆم لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگۆڕدرێ، جا دەوڵەت بن، یان نەتەوە یەکگرتووەکان بێ، یان ئەو ناوەند و کەسانە بن کە فکری سیاسیی جیهان شەن و کەو دەکەن و لێکی دەدەنەوە و دەرەنجام دەیدەنە دەوڵەتان. ئەگەر دیقەت بدەین، ئێستا لە دەرەوە چەمکێکی نوێ هەیە، دەڵێن: «کوردستانێکی بەهێزمان دەوێ لەناو عێراقێکی یەکگرتوودا.» چەمکی «کوردستانێکی بەهێز لەناو عێراقێکی یەکگرتوودا» ئێمە پێشی ریفراندۆم گوێمان لێ نەبووە. ئەمە سەرەتایەکە دەبێ تێی بگەین، بەڵام ئەو شتە نییە کە ئێمە دەمانەوێ، ئەوەش لە کاتێکدایە کە پڕۆژەی گفتوگۆ لەنێوان عێراق و کوردستان دەستی پێ کردووە. لە دوای ریفراندۆم هەموو خیتابەکان گۆڕاون. من باسی هەندێکیان دەکەم؛ حکوومەتی هەرێمی کوردستان یەکسەر دوای ریفراندۆم کەوتە بەر هێرشی سێ دەوڵەتی داگیرکەر، هەڵوێستێکی سیاسییانەی زۆر عاقڵانە هەڵبژارد. لە راستیدا ئەمە روانگەی سەرۆك بارزانی بوو، تا گەیشتە کشانەوەی خۆی لە سەرۆکایەتی هەرێم، راسپاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆ دەستکراوە، بە شەرتێك کوردستان بپارێزێت. لە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هەتا ئەمڕۆ ئەرکی حکومەتی هەریمی کوردستان پاراستن و هێشتنەوەی هەرێمی کوردستانە، نەك شتێکی دیکە. ئەو حکومەتانەی کەوا تووشی شکانی عەسکەری دەبن، هونەری گەورە لەخۆپاراستنیاندایە، لە مێژوودا دەوڵەتانی گەورە هەن کە تەنازول دوای تەنازول دەکەن لەپێناوی ئەوەی کە سنوورەکانی خۆیان بپارێزن. حکومەتی کوردستان داخڵی قۆناخێکی سەختی بووە، خیتابی هێمن لە حکومەتی خۆمانەوە دەبینین، بەڵام ئەوە بڕیاری سیاسیی تەسلیمبوونی میللەتی کورد نەبوو، بڕیاری سیاسیی تەسلیمبوونی حکومەتی کوردستانیش نەبوو بە حکومەتی عێراق. دوای ریفراندۆم ئەگەر شەڕیش نەبوایە، هەر دەبوایە حکومەتی هەریمی کوردستان بە نەرمی لەگەڵ عێراق بچێتە پێشەوە، بۆ ئەوەی دنیا بێتە ناو پرۆسەکە و گفتوگۆ و ناکۆکی نێوان کوردستان و عێراق ببێ بە بابەتێکی نێودەوڵەتی، ببێتە کێشەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ببێتە ئەرکی ئەم دەوڵەتانەی کە لەناوچەکەدا لەشەڕدان،

هاوپەیمانی ئێمەن و هاوپەیمانی عێراقیشن.

سێ مانگ دوای ریفراندۆم دەرەنجامی ئەو سیاسەتەمان بینی، یەك: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئەمەریکاو دۆستەکانی دیکەشەوە کە هاوپەیمانی عەسکەریی کوردستان بوون، وردە وردە وادەگەڕێنەوە. ئەمەریکا بۆخۆی کەوتە ژێر فشارێکی توندی ناوخۆ و دەرەوە. ئێستا بابەتی گفتوگۆ لە نێوان عێراق و کوردستان لەوە دەرچووە عێراق بتوانێ لەسەر هێرشەکانی عەسکەریی خۆی بەردەوام بێ، یان قاسم سولەیمانی دەتوانێ سەرکردایەتیی عێراق و ئێران و تورکیا بکات بۆ لێدانی کوردستان، یان نا، لەوە تێپەڕی، ئەمەیان پێناکرێ. من پێموایە وەك زەمانی بڕیاردانی پاراستنی هەوایی و ئەوەی کە پێی دەگوترێ خەتی شین لە ١٩٩١، ئێستا ئەو سنوورانەی کە هەن لە خەتی شین زۆر زیاترە، بوونەتە خەتی تەماس و حکومەتی عێراق ناتوانێ بەرەوپێش بێت. جیا لە قارەمانێتی پێشمەرگە و ئامادەباشیی عەسکەری، هاوسەنگی دروست بوو، ئێستا گۆنگەڵ و زۆرانبازی کورد و عێراق گواستراوەتەوە بۆ ناو دەستوور، بۆ لێکدانەوەی یاسایی.

ئەوەی منیش باسی دەکەم ستراتیژیی کوردستانە، کە بڕیاری خۆی بۆ سەربەخۆیی داوە، بەڵام پابەندیشە بە دەستووری عێراق. دەستووری عێراق بەشێکی زۆر لە مافەکانی ئێمە دیاری دەکات، نەك هەمووی. بمانەوێ، یان نەمانەوێ ریفراندۆم خۆی ئامانج نییە، بەڵام وا دەکات عێراق، یان شایستەی خۆی بۆ دەوڵەتێك کە بتوانێ ڕێزی سەروەریی خۆی بگرێ، جیاوازی لە نێوان نەتەوەکان نەکات، بەتایبەتی لەنێوان دوو نەتەوەی سەرەکیی کورد و عەرەب، ڕێگە بە موفەسیرە قانوونییەکان بدات تا دەستووری عێراق وەك خۆی تەفسیر بکەن. ئایا دەکرێ حکومەتێکی باش لە عێراق دروست بکرێ، تا دەربکەوێ کورد دەتوانێ چەند لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە؟ ئێستا بەشداریی نێودەوڵەتی بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کە نەتەوە یەکگرتووەکان، یان دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهان بێن و ببن بە لایەنی سێیەم لە گفتوگۆ و تەفسیری دەستوور لە نێوان کوردستان و عێراق. لەم قۆناغەدا ئەم بابەتانە گرنگن، ئێمە دەبێ بەو بابەتانەوە بنووسێین. بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی میللەتی کوردستان، جیهان پشتیوانی عێراق و شۆڤێنیە مەزهەبییەکان نییە، چونکە تێکشکاندنی ئیرادەی میللەتان، بەتایبەتی لەم رۆژگارەدا، قبووڵ ناکرێت، بۆیە لە داهاتوودا نەتەوە یەکگرتووەکان بێ، یان ئەمەریکا و ئەورووپا پێویستە بێنە ناو گفتوگۆی کوردستان ـ عێراق و داخیلی هاوکێشەکە ببن. ئەو هێزە نێودەوڵەتییانە هەر داخیلی هاوکێشەکە ببن، هەموو شتێك دەگۆڕدرێ. دوو لایەنی ناکۆك بە یەکەوە دانیشتوون و لایەنی سێیەمی بێلایەن هەیە لە بەینیاندا. ئەمە هێنانەدی یەکێك لە ئامانجە گەورەکانی ریفراندۆمە لە کوردستان کە ئیرادەی ئێمە لە بەرامبەر دەوڵەتی داگیرکەری عێراق بتوانێ دابنیشێ و دنیا گوێمان لێ بگرێ.

ریفراندۆم بەو مانایە نەبووە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەوڵەت رادەگەیەندرێ. بەڵێ جار جار لە قساندا دەگوترا ساڵێك، یان دووی تر رادەگەیەندرێت، بەڵام زۆرجار دەشگوترا لەوانەیە دە ساڵی دیکە بێت. گرنگ ئەوەیە داخیلی قۆناخێکی نوێ بووین، ئەم قۆناخە نوێیە گەڕانەوەی تێدا نییە. بۆیە ئەو نوخبەیەی خیتابی سیاسی بەلایەوە گرنگە، دەبێ یارمەتی میللەتی خۆی بدات و ئەو پێشهاتانەی دوای ریفراندۆم بە خێرایی شی بکەنەوە و هەوڵ بدەن بە ئاسانی تێی بگەن، تا نەکەوینە ژێر هێرشی راگەیاندنی رووخێنەر کە لە راستیدا ئێران دایڕشتووە و لە عێراق پیادە دەکرێ.

ئەوەی کە حکومەتی کوردستان تا ئێستا کردوویەتی، خۆ رزگارکردن بوو لە تێکشکانی عەسکەری و هەڵسانەوە بوو بۆ ئەو گفتوگۆ یاساییەی ئێستا حکومەتی عێراق ناچار بووە لەگەڵ ئێمە ئەگەر ئێستاش ئامادە نەبێ لەگەڵ ئێمە دابنیشێ، ئەوا دەبێ سبەینێ بێت و دابنیشێ، ئەو تەفسیر و بڕیارانەی کە دەیکەن بۆ دەستووری عێراق راست دەکرێنەوە، ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە و پێی دەگوترێ پێشکەوتن لە دوای ریفراندۆم. شەڕی دوای ریفراندۆم شەڕی دەستوورە. ئەگەر عێراق سەرکەوێت، ئیرادەی میللەتی کوردستان تێکدەشکێنن. ئەگەر سەرنەکەوت، ناچار دەبێ لەگەڵ کوردستان ئەو تەفسیرە قەبووڵ بکات کە ڕێز لە ئیرادەی میللەتی کوردستان دەگرێ، ئیرادەی میللەت هەمان ریفراندۆمە. کەواتە هەر هەنگاوە و هەنگاوی دیکەی بەدواوەیە.

**دەبێ ئەو سۆزە پڕ لە خۆ بە مەغدورییەمان لەلا بڕەوێتەوە کە تەنیا ئێمە و چیاکان دەمێنینەوە. نەخێر ئێمە لە شارەکانمان دەمێنینەوە، دنیا لەگەڵ ئێمەدا دەبێت، بە مەرجێک دەوری خۆمان باش ببینین و هەموو ئەو ئەرکانەی کەوا لەسەرمانە لە ناوخۆ و دەرەوە بتوانین بیگێڕین**

**لەم قۆناخەدا پێویستە سەرەڕای هەموو برینەکان، رۆشنبیرانی سیاسی لەگەڵ تەبایی سیاسیی کوردستاندا بن. خیانەت هەبوو، بەڵام دەبێ باسی دوای خیانەت بکەین. دوای خیانەت تەباییە، دوای خیانەت هەڵسەنگاندنی باشە، دوای خیانەت تەبایی و گەڕانەوەیە بۆ بڕیاری میللەت کە ریفراندۆمە**

**شەڕی دوای ریفراندۆم شەڕی دەستووره. ئەگەر عێراق سەرکەوێت، ئیرادەی میللەتی کوردستان تێکدەشکێنن. ئەگەر سەرنەکەوت، ناچار دەبێ لەگەڵ کوردستان ئەو تەفسیره قەبووڵ بکات کە ڕێز لە ئیرادەی میللەتی کوردستان دەگرێ**

**ئەو نوخبەیەی خیتابی سیاسی بەلایەوە گرنگە، دەبێ یارمەتی میللەتی خۆی بدات و ئەو پێشهاتانەی دوای ریفراندۆم بە خێرایی شی بکەنەوە و هەوڵ بدەن بە ئاسانی تێی بگەن، تا نەکەوینە ژێر هێرشی راگەیاندنی رووخێنەر کە لە راستیدا ئێران دایڕشتووە و لە عێراق پیادە دەکرێ**

**ئەگەر خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر رووینەدابا، نیوەی کوردستان دەستی لەشکری داگیرکەری نەگرتبایە، بیهێنێت تا نزیک هەولێر و دهۆک و سلێمانی، ئێستا ئەو بەرەیەی کە لە پردێ هەمانە لە دوزخورماتوو دەبوو، ئەو مقاوەمەتەی کە لە پردێ و لە مەحمودیە کرا لە سنووری کوردستان لەگەڵ عێراق بوایە، جەیشی عێراقی لەوانە بوو بشکێ و پێشمەرگە تا نزیک بەغداش بڕوات**

لەم قۆناخەدا پێویستە سەرەڕای هەموو برینەکان، رۆشنبیرانی سیاسی لەگەڵ تەبایی سیاسیی کوردستاندا بن. خیانەت هەبوو، بەڵام دەبێ باسی دوای خیانەت بکەین. دوای خیانەت تەباییە، دوای خیانەت هەڵسەنگاندنی باشە، دوای خیانەت تەبایی و گەڕانەوەیە بۆ بڕیاری میللەت کە ریفراندۆمە. ئەمە دەبێ گفتوگۆی سەرەکی بێت لەنێوان ئێمە و هەموو ئەوانەی کە لە ئێستادا هەوڵ دەدەن بەرژەوەندیی خۆیان لەسەر بنەمای لێدانی دەرەنجامی ریفراندۆم دروست بکەن. جیهانی بەهێز و دەوڵەتانی ئێستا فشار بۆ عێراق دێنن دەروازەکانی کوردستان بکاتەوە، فڕۆکەخانەکان بکاتەوە، بودجە بنێرێت و لەگەڵ کوردستان دابنیشێ و تەفسیری دەستووری عێراق وەك خۆی بکرێ. ئەوانە گرنگن، چونکە هاوشانە لەگەڵ چەمکی کوردستانێکی بەهێز. دەبێ لەبیرمان بێ کە ئێمە کوردستانێکی بەهێزمان نابێ، ئەگەر بەردەوام پەیوەندیی باشمان نەبێت لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی بەرژەوەندی جووتمان دەکات. دەبێ لەسەر بنەمای بەرژەوەندی جووڵە بکەین، نەك لەسەر بنەمای سۆز. لەسەر بنەمای ئەوەی دوێنێ لە شنگال شەڕمان بۆ کردوون و داعشمان بۆ شکاندوون، ئەمە هیچ شتێك لای ئەورووپا و ئەمەریکا و هیچ دەوڵەتێك دروست ناکات. کورد کە داعشی تێکشکاند، پێوەر لەوەیە ئێستا چەند دەتوانێ ئەو دەستکەوتانە بپارێزێ و چەند پەیوەندیی باش دروست دەکات، چەند دەتوانێ دەوڵەتێکی ئەمری واقیع بێت لە پاراستنی باڵانسی بەرژەوەندییەکانی ناوچەکەدا.

حکومەتی کوردستان کە ئێستا لە راستیدا دەوڵەتی کوردستانە، چونکە نە عێراق تەئیدی دەکات و نە پشتیوانی لێ دەکات، دەبێ خۆی خۆی بەڕێوە ببات. ئەو خۆبەڕێوەبردنە هەموو بوارەکانی عەسکەری، سیاسی و ئابووری دەگرێتەوە. بزووتنەوەی سیاسی پێویستە یارمەتی حکومەتی خۆی بدات، تا بتوانێ یاریکەرێکی باش بێت، چ لەناو عێراق و چ لە ناوچەکەدا. چونکە رووداوی زۆر گەورە ماون، جارێ شەڕ لە ناوچەکە تەواو نەبووە، تەسفیەی حیسابات نەکراوە، کوردستان ئەو پارسەنگە بەهێزەیە کە دوای ریفراندۆم بە تەعریفێکی دیکە دەکرێ دەورە سەرەکییەکەی خۆی ببینێ. ئامانجی ئێران و هەندێ وڵاتی دیکە لە ناوچەکەدا ئەوە بوو کوردستان ئەم پێگەیە وەرنەگرێ کە تا کۆتایی شەڕ ئەو یاریکەرە عەسکەرییە سیاسییە بەهێزە بێ کە ئێستا هەیە و مەوقیعی خۆی دیاری کردووە. زۆر گرنگە پێمان وانەبێ بە تاقی تەنیا وەك میللەتێك، دەتوانین هەموو ئاواتەکانمان بهێنینەدی. کاتێك کە تەکیان خستین، دیارە دەیانەوێ لەناومان بەرن، ئەوسا دەتوانین دنیا پڕ لە پەیام بکەین، دەتوانین دۆستەکانمان بجووڵێنین، دەکرێ پەنا بۆ ئەو لۆبییانە ببەین کە بەرژەوەندییان لە هەبوونی کوردستاندایە، دەکرێ ئەو مێژووە تێکۆشەرییەمان بەبیر دنیا بێنینەوە کە هاووڵاتیانی ئەمەریکا، یان ئەورووپا بێ، تورکیا، ئێران، یان عەرەب بن، فشار بۆ دەوڵەتەکانی خۆیان بێنن تا بواری ژیان بۆ کوردستان بمێنێت. کەواتە رێگە زۆرن بۆ ئەوەی ئێمە دنیا تەنگاو بکەین. لەو چەند مانگەی کە رابورد، هەندێك لەو کاریگەرییەمان بینی چۆن دۆستەکانی کورد حەشریان دەکرد. ئەوەی لە ئەمەریکا و ئەورووپا دەیانکرد، یان ئەو لۆبییە چەند دەوڵەتییەی بە دەستپێشخەری ئیسرائیل جموجۆڵی باشیان کرد و دەرەنجامی باشیشی هەبوو. دەبێ ئەو سۆزە پڕ لە خۆ بە مەغدورییەمان لەلا برەوێتەوە کە تەنیا ئێمە و چیاکان دەمێنینەوە. نەخێر ئێمە لە شارەکانمان دەمێنینەوە، دنیا لەگەڵ ئێمەدا دەبێت، بە مەرجێك دەوری خۆمان باش ببینین و هەموو ئەو ئەرکانەی کەوا لەسەرمانە لە ناوخۆ و دەرەوە بتوانین بیگێڕین.

دەبێ ئێمە میللەتی خۆمان فێرکەین کە جوگرافیای سیاسیمان وا هەڵکەوتووە بەردەوام لەژێر هەڕەشەداین، وڵاتێك نین ئیمتدادمان ئەمانی تێدا هەبێ. ئەم کارەش بە تەعریفکردنی دەقیق دەکرێ. چواردەورمان داگیرکەرن، ئەم دواییە بینیمان چۆن یەکیان گرت و بەدەورماندا دەسووڕانەوە تا بزانن لەکوێ بکرێ لەوێ لێمان بدەن. کەواتە ئێمە لە ئاسایشدا نین و لە داهاتووشدا هەر لە ئاسایشدا نابین. لەوەدا بەو مەبەستە نییە بترسێین، بەڵکو دەبێ تەعریفی راستەقینەی خۆمان وەك خۆمان بکەین. بۆ ئەوەی میللەتێکی وشیار و دانیشتووانی کوردستانی وشیار هاوکاری یەکتر بکەن لەسەر بەرژەوەندیی نیشتمانی سازش نەکەن. دابەشبوونی سیاسی خەتەر نییە، بەڵام لەو شوێنەی کە دابەشکاری لەسەر بەرژەوەندیی وڵات و ئاسایشی

وڵات بکرێ، دەبێ بە پەروەردە فێری جیلەکانی داهاتوو و جیلی ئێستامانی بکەین کە ئەمە کۆتایی بە وجوودی کوردستان دێنێت. پێویستە لە ئیسرائیل فێر بین. هەر هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتە سەربازێکی ئامادەیە، لە هەر کاتێکدا بێ، هاریکاری ئاسایش و سوپای خۆی دەکات، بۆ ئەوەی ئاسایشی ناوشارەکانی خۆی بپارێزێت. هاووڵاتی ئیسرائیل دەزانێ چواردەوری یەکپارچە دوژمنە، ئەو دوژمنە ئەو دروستی نەکردووە، ئەو دوژمنە ئایدیۆلۆژیای ئایینی و نەتەوەیی توندڕۆ دروستی کردوون.

دەبێ بزانین بەرەنگاریی سیاسی بە چەشنێکە، ئەم شەڕەی کە ئێستا لەکایەدایە بەردەوام دەبێ. یاریزانی بەهێز لە ناوچەکەدا ماون. بۆ نموونە لەکاتی هێرشی سێ دەوڵەتیدا، ئەو هەڵوێستە خراپەی کە ئەمریکا لە بەرژەوەندی حەشدی شەعبی هەیبوو، هەندێ دەوڵەتی یاریکەری ناوچەکە نەك هەر تەئیدیان نەکرد، بەڵکو بوونە کەمپین بۆ پاراستنی کوردستان. ئەوەش نیشانەی هێزی پێگەی کوردستانە، نیشانەیە کە کوردستان بەرژەوەندی دەوڵەتانی دیکەی پێ دابین دەکرێ. ئەو قسەیەم بۆ سیاسییەکانە و ئەوانەی خیتابی سیاسییان هەیە. چونکە لەم رۆژگارەدا هەر سیاسەتمەدارێك دەتوانێ زۆرترین پەیوەندی لەگەڵ میللەتی خۆی بکاتەوە و کاریان تێ بکات. بۆیە نابێ بکەوینە ژێر هاشوهوشی ئەملا و ئەولا کە کابرایەك لە رۆژهەڵاتی ئێمەوە دێت بە قیادەی قاسم سولەیمانی وڵاتی خۆی تەسلیمی عەبادی دەکات، واش تەعریفی ئێمەش دەکەن گوایە سەر بە تورکیاین! کەچی تورکیاشمان بینی وەك یەکێك سێ دەوڵەتە دژەکە هەڵدەسووڕا. واقیعەکە بە چەشنێك هەڵکەوتووە دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان بە یەك ئەندازە بایەخیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان نییە. ئەوەی کە زۆر گرنگی هەیە و کوردستان زۆر بە ئەسپایی مامەڵەی لەگەڵ کرد، تورکیایە. تورکیا چەندی لەگەڵ ئەم سێ دەوڵەتە داخیلی شەڕی کوردستان بێ، لە سەرەنجامدا ئایندە و بەرژەوەندیی ئەو وڵاتە ناچاری دەکات هەر بگەڕێتەوە سەر مەنتق و عەقڵ، لەگەڵ کوردستان بکەوێتەوە پەیوەندی ئاسایی. سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان و بۆ ئایندەی ئێمە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا، ئیسرائیل و سعودیە گرنگن. ئەوانە ئەم یاریکەرانەن کە لە ناوچەکەدا هەڵوێستی جیاجیایان هەیە. ئێمە ئێستا لەناو شەڕێکی فراوان و وێرانکەرداین. هەموومان چاودێریمان دەکرد و دەمانزانی ئەم شەڕە روودەدات. چۆن دەبێ، لە کوێ دەبێ، ئێستا دیارە شەڕەکە لە ناو سووریا و دەوروبەری ئێران چڕ کراوەتەوە. لە یەکلاکردنەوەی ئەم شەڕەدا کوردستان پێگەی وایە ئەم دەوڵەتانە ناتوانن بگەن بە ئامانجی خۆیان، ئەگەر کوردستان نەخوێننەوە. کوردستان دەتوانێ دەورێکی گرنگ بگێڕێ، بۆیە دەبێ ئەم دۆخە و باڵانسەکانیمان بە دیقەتەوە لەبەر چاو بێت.

جەنگی دەروونی بە خەستی خراوەتە سەر دانیشتووانی کوردستان، بۆیە لە هەر دەزگایەکی راگەیاندن و هەر کەسێك قسەی رووخێنەر دەکات، نابێ بە هەند وەریبگرن، دەبێ بگەینە هوشیارییەکی پتەو و دۆڵەمەندی ئەوتۆ جنێو و قسەی رووخێنەر و هاشوهوش و گاڵتەپێکردن و سووکایەتیکردن بە ئیرادەی میللەتێ، بەفیڕۆدانی توانایی و وزەی خۆمانی دابنێین. بەفیڕۆدانی توانا و وزەی خۆت و میللەتەکەت کاری نەخۆشانەیە، روانگە و کەرستەی چەوتی هەندێك سەرکردەی نەخۆشن، ئەگەر حزبێك هەڵیبگرێ، کۆتاییەکەی تەنیا داڕمان و زەرەردانە لە وڵات. بۆیە ئێمەومانان نابێ بە هیچ شێوەیەك نە بکەوینە ژێر کاریگەرییان و نە کاتی بۆ تەرخان بکەین.

ئێران لە چارەنووسی میللەتی ئێمەدا دەورێکی گرنگی هەیە، ئێران ئێستا دەوری «سۆ» دەبینێ، سۆ ئەو لووە گەورەیەیە کە لەسەر دڵی کەسێك دروست دەبێ، ئەگەر لا نەبرێ، دەیکوژێ. بەداخەوە لە ستراتیژیی ئێرانیدا تەنیا نەمانی کوردستان تەعریف کراوە، هەموو کورد هیواداره کە ئێران تەعریفی کوردستان لە ستراتیژیەتی خۆیدا بگۆڕێ، هەبوونی کوردستان دەکرێ لە بەرژەوەندیی ئێراندا بێ وەکو لە بەرژەوەندی عێراقدایە کاتێك کە رۆژگارێك دەمانەوێ لێی جیاببینەوە، سەرباری ئەوەش دەبێ زۆر واقیعبینانە مامەڵە لەگەڵ هەڵوێست و روانگەی ئێرانی بکەین، لە گفتوگۆکردندا و لە تێگەیاندنی میللەتی خۆمان و ئەگەر کرا لە هی ئەوانەی کاریگەرن لە دروستکردنی رای سیاسی ئێرانیدا ماندوو نەبین، پەیوەندی بکەینەوە و لە هەموو ئەو مەرکەزانەدا بەشداری بین.

**بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی میللەتی کوردستان، جیهان پشتیوانی عێراق و شۆڤێنیە مەزهەبییەکان نییە، چونکە تێکشکاندنی ئیرادەی میللەتان، بەتایبەتی لەم رۆژگارەدا، قبووڵ ناکرێت**

**وەک زەمانی بڕیاردانی پاراستنی هەوایی و ئەوەی کە پێی دەگوترێ خەتی شین لە ١٩٩١، ئێستا ئەو سنوورانەی کە هەن لە خەتی شین زۆر زیاترە، بوونەتە خەتی تەماس و حکومەتی عێراق ناتوانێ بەرەوپێش بێت**

**تا ٢٥ی ئەیلوول زۆربەی زۆری سیاسەتمەدارەکانی شیعە و سوننە و ئەوانەی عێراق بەڕێوە دەبەن، تەنانەت عەسکەریەکانیشیان؛ دەیانگوت کورد بۆ هێندە خۆیان گران دەکەن، ئەگەر دەیانەوێ جیا ببنەوە، با بڕیاری خۆیان بدەن، بەڵام جیانابنەوە. ئەم هەڵوێستەی میللەتی کورد قەناعەتی عێراقییەکان و جیهانیشی بە جارێک تێکهاڕی**

# کۆنگرەی میونشن و
# لێواری هەڵدێری سیستمی جیهانی



# بڕیاری بوێرانەی بارزانی و
# قارەمانێتیی پێشمەرگە کوردستانی کردۆتە
# ئەندامی هەمیشەیی کۆنگرەی ئاسایشی میونشن



**سەرکەوتنی دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی کوردستان لە کۆڕبەندی داڤوس لە مانگی رابردوو، شکاندنی گەمارۆی دیپلۆماتی بەدوای خۆیدا هێنا و، بە پێچەوانەی ئارەزووی حکومەتەکەی عەبادییەوە، وەزیری بەرگری ئەڵمانیا و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا سەردانی کوردستانیان کرد، ئاکامی دیدار و کۆبوونەوە سەرکەوتووەکانی ئەمجارەی شاندی کوردستانیش لە کۆنفڕانسی میونشنی ٢٠١٨، پێگەی کوردستان دەباتە ئاستێکی دیکە و لە ئایندەیەکی نزیکدا ئاکامی ئەمیشیان دەبینین**

**تێڕوانینی کوردستان بۆ ئایندەی عێراق، هەردوو جیاوازی ئەمریکا و ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا لە بازنەیەکدا پێکەوە کۆدەکاتەوە، هەر بۆیە وەک سەرنج دەدرێت، لە هەر کۆبوونەوە و کۆڕ و کۆنفڕانسێکدا کە شاندی کوردستان و عێراق پێکەوە بەشداری دەکەن، دەبینین ئاستی پێشوازی لە دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی کوردستان رووی لە هەڵکشانێکی بەرچاوە و ئاستی پێشوازیی دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی عێراقی لە داکشانێکی تەواودایە،**

بۆچی لە پاییزی ١٩٦٣ یەکەمین کۆنگرەی ئاسایشی جیهان لە ئەڵمانیا گرێدرا؟ ئایا لە ساڵی ١٩٦٢ چ تەنگژەیەکی گەورە لە جیهاندا روویداوە کە سیستم و ئاسایشی جیهانی خستۆتە مەترسییەوە؟ ئامانجی سەرەکی لە گرێدانی کۆنگرەی ئاسایشی جیهانی لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٣ تا کۆتاییهاتنی شەڕی سارد چی بووە؟ پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ چ گۆڕانکارییەك بەسەر بەرنامە و ئامانجەکانی کۆنگرەی ئاسایشی جیهاندا هاتووە؟ لە ساڵی ٢٠١٤ چ رووداوێکی دیکە روویدا کە بە هاوشێوەی ساڵی ١٩٦٢ سیستم و ئاسایشی جیهانی دووبارە خستەوە ژێر مەترسی؟ ئەو گۆڕانکارییانە چین کە لە کۆنگرەکانی ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ و ٢٠١٧ و ٢٠١٨ هاتوونەتە ئاراوە ؟ بۆچی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٥ تا ٢٠١٨ بۆتە ئەندامی هەمیشەیی کۆنگرەی ئاسایشی جیهان؟ ئایا کوردستان چ رۆڵێك لە ئاسایشی جیهان دەگێڕێت و کۆنگرەی ئاسایشی جیهان چ سوودێکی بۆ پێگەی کوردستان هەیە؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، ئەوا هەر لەناوەڕۆکی ئەم پرسیارانەوە قۆناخبەندییەك دەخوێنینەوە کە لەماوەی ٥٤ کۆنگرەی ئاسایشی جیهان لە میونشن، بەخۆیەوە بینیوە، ئەو سێ قۆناخەش بریتین لە:

١- بەرنامە و ئامانجی دامەزراندنی کۆنگرەی ئاسایشی جیهان لە ساڵی ١٩٦٣ تا کۆتاییهاتنی شەڕی سارد.

٢- بەرنامەو ئامانجی کۆنگرەی ئاسایشی جیهان لە دوای ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠١٤.


٣- بەرنامەو ئامانجی کۆنگرەی ئاسایشی جیهان لە ٢٠١٥.

ئەوجا ئەگەر لەچوارچێوەی ئەم قۆناخبەندییە، وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، بۆچی لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ یەکەمین جار کۆنگرەی ئاسایشی جیهان گرێدرا؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو رووداوانەی ساڵی ١٩٦٢ دەیدەنەوە کە بوونە هۆکاری ئەوەی سیستمی نێودەوڵەتی و ئاسایش و سەقامگیریی جیهان بکەوێتە بەردەم هەڕەشەی رووبەڕووبوونەوەی ئەتۆمی، ئەو رووداوانەش بریتی بوون لە (هێرشی ئەمریکا بۆ کەنداوی بەرازان لە دەریای کاریبی بۆ رووخاندنی رژێمی کۆمونیستی لە کوبا، هەروەها گەمارۆدانی بەرلینی رۆژئاوا لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتی پێشانەوە بۆ رووخاندنی ئەڵمانیای رۆژئاوا کە لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانییەوە دابەش کرابوو بۆ ئەڵمانیای رۆژهەڵات و رۆژئاوا، لەمەش زیاتر شاری بەرلینیش لەنێوان هەردوو ئەڵمانیا دابەش کرابوو کە ساڵی ١٩٦١ بە دیوارێك لێك جیاکرانەوە و لە لەساڵی ١٩٨٩ ئەو دیوارە رووخێنرا. ئەم رووداوە لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانییەوە، ترسناکترین کێشە بوو کە لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو هاتەئاراوە و گەیشتە ئەوەی کە هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بکرێت، بەتایبەتی کە دەرکەوت، یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بە نهێنی چەند بنکەیەکی رۆکێتی ئەتۆمی مەودا مامناوەندی لەسەر خاکی کوبا دامەزراندووە و ئەم رۆکێتانەش دەگەیشتنە هەموو شوێنێکی ئەمریکا. بەڵام پاشان ئەم تەنگژەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە کۆتایی هات و نەگەیشتە ئەوەی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بە چەکی ئەتۆمی جیهان کاول بکەن. ئەمەش یەکەمین رووداو و کێشەی ترسناك بوو کە لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی لەنێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشان دروست بوو، گەیشتە ئەو ئاستەش کە هەڕەشەی نەمانی سیستمی جیهانی بێتە ئاراوە.

کەواتە گرێدانی یەکەمین کۆنفڕانسی ئاسایش لە ئەڵمانیا پاش کێشەکانی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشان لە ساڵی ١٩٦٢، ئەوەمان پێدەڵێت، ئەم کۆنفڕانسە هەر لەسەرەتاوە بۆ پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ژێر سێبەری سیستمی جیهانی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی دامەزراوە، هۆکاری هەوڵدانی ئەم کۆنگرەیەش بۆ پارێزگاریکردن لە سیستمی جیهانی دوای کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەتڵەسی (ناتۆ) بە سەرۆکایەتی ئەمریکا خۆیان بە دامەزرێنەری

ئەو سیستمە جیهانییە دەزانن کە بە (سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی- International Liberal Order) ناوی دەبەن. هەربۆیە لەسەرەتای گرێدانی ئەم کۆنگرەیە هەتا کۆتایی شەڕی سارد، بەشداربووانی ئەم کۆنگرەیە سنوردار بووە و تەنیا سەرکردە و پسپۆڕانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەتڵەسی بانگهێشت دەکران، ئامانجەکەشیان تەنیا پاراستنی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی بووە لە ژینگەی هاوسەنگیی هێزی نێوان بلۆکی رۆژئاوا (ناتۆ بە سەرۆکایەتی ئەمریکا) لەبەرامبەر بلۆکی رۆژهەڵات (پەیمانی وارشۆ بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان).

لە قۆناخی دوای شەڕی سارد و پێش ئەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشانیش لە ساڵی ١٩٩١ لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە، بۆ یەکەمین جار یەکێتی سۆڤیەت بووە ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا و ناتۆ دژی داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقی بەعس و سەدام حوسێنەوە، ئەم رووداوە تەنیا مانای ئەوە نەبوو (شەڕی سارد کۆتایی هات)، بەڵکو مانایەکی فراوانتری هەبوو، ئەو مانایەش ئەوە بوو کە یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی ئەندامی پەیمانی وارشۆ، ئامادەن لەژێر سەرکردایەتی ئەمریکا و ناتۆ، پارێزگاری لە (سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی) بکەن و، ببێتە سیستمێك کە هەموو جیهان سەرلەنوێ رێك بخاتەوە، ئەم وەرچەرخانە بووە هۆکاری ئەوەی کە جورج بوشی باوك دوای ئازادکردنەوەی کوێت و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و پەیمانی وارشۆ، سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی وەك (سیستمی نوێی جیهان - New World Order) رابگەیەنێت، بۆیە لەدوای شەڕی ساردەوە دیسان بەرنامەو ئامانجی کۆنفرانسی ئاسایش، هەر پاراستنی (سیتستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی) بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی سیستمەکە گۆڕا بۆ سیستمێکی جیهانی بە ناوی (سیستمی نوێی جیهان)، ئەوا بەرنامە و ئامانجی کۆنگرەکە فراوانتر بوو، بەشداربووانی کۆنگرەکەش سەرۆك و سەرکردەی دەوڵەتانی دەرەوەی ناتۆشی گرتەوە و بابەت و پرسەکانی کۆنفرانسەکەش بازنەی هاوپەیمانیی ناتۆی تێدەپەڕاند و هەموو ناوچە جیاجیاکانی جیهانی دەگرتەوە. ئەم قۆناخە هەتا




- **لە ساڵی ٢٠١٧ سیستمی جیهانی زۆر زۆر لە لێواری هەڵدێرێکی گەورە نزیک بووەوە، تەنگژەی نێوان ئەمریکا و کۆریای باکوور تا رادەیەکی زۆر گەورە بوو، گوتاری هەردوولاشیان رووی لە هەڵکشان کرد.**
- **تەنگژەی نێوان ئێران و سعودیە بە هاوشێوەی ئەمریکا و باکووری کۆریا گەورە بوو، بەهەمان شێوە گوتاری هەردوولایان رووی لە هەڵکشان کرد.**
- **لە ئەورووپا هەتا ئێستاش گرژییەکانی نێوان رووسیا و ناتۆ بەرزە و لەسەر مەسەلەی ئۆکرانیاش شەڕێکی بێهودە بەردەوامە.**
- **پەیماننامە دیارەکان بۆ رێگرتن لە بڵاوکردنەوەی چەکی ئەتۆمی بەتایبەتی پەیماننامەی رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی رۆکێتی ئەتۆمیی مامناوەندی و کورتمەودا (INF) لەبەر مەترسیی لەبەریەک هەڵوەشانەوەیە، هەوڵەکان بۆ سنووردارکردنی کێبڕکێی خۆپڕچەک کردن زیاتر بووە. جیهان بەرەو هەڵکشانی نەزعەی ناسیۆنالیزمی زیاتر و دوورکەوتنەوە لە ئەنتەرناسیۆنالیزم دەچێت.**

سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ درێژەی کێشا، لەبەر ئەوەی لەماوەی نزیکەی ئەو ٢٥ ساڵەدا هیچ ڕووداوێك، یان کێشەیەکی ئەوتۆ لەسەر ئاستی جیهان ڕووینەداوە کە هەڕەشە لەسەر سیستەمی جیهانی (سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی) دروست بکات، بۆیە کۆنفرانسەکانی ئاسایش لە میونشن بەشێوەیەکی ڕۆتینی ساڵانە گرێدەراو بەڕێوە دەچوو، بەبێ ئەوەی باس لە هەڕەشەی نەمانی سیستەمە جیهانییەکە بکرێت، بەڵام کاتێك لە ساڵی ٢٠١٤ هەڕەشەی نەمانی سیستەمی جیهانی کتوپڕ دروست بوو، بەرنامە و ئامانجی کۆنگرەی ئاسایش لە میونشنیش جارێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا هات و هەوڵەکانی خۆی تەرخانکرد بۆ ڕێگرتن لە لەبەریەك هەڵوەشانی سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی، بەمەش قۆناخی سێیەم دەستی پێکرد، کە بە تەواوی لە دوو قۆناخەکەی پێشتر جیاواز بوو.

ساڵی ٢٠١٤ بە ساڵی هەڕەشەکردن لە هەڵوەشانەوەی سیستەمی جیهانی وەسف دەکرێت، پێشتر واتە لە ٢٠١٣ مەزندەی ئەوە نەکراوە کە لەساڵی ٢٠١٤ ڕووداوگەلێك ڕوودەدەن کە بوونی سیستەمی جیهانی دەخەنەوە بەر مەترسیی نەمان و لەبەریەك هەڵوەشانەوە، دیارە گرنگترین دوو ڕووداویش کە زەنگی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی سیستەمی جیهانی لێدا بریتی بوون لە:

١- جیابوونەوەی هەرێمی کریما لە مارتی ٢٠١٤ لە ئۆکرانیا و لکاندنی بە ڕووسیاوە .

٢- ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە.

سەبارەت بە ڕووداوی یەکەمیان کە لکاندنی هەرێمی کریما بوو بە ڕووسیای فیدراڵەوە، ئەم ڕووداوە تەواو تەواو هاوشێوەی داگیرکردن و لکاندنی کوێتە بە عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠، ئەوکات بەرامبەر بە عێراق کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ناتۆ و ئەمریکا توانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی پێکبهێنێت و سەربەخۆیی بۆ کوێت بگەڕێتەوە و ڕێگەی نەدا لکاندنی کوێت بە عێراقەوە بۆ ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن بچێتەسەر، بەڵام لەبەرامبەر هەمان ڕەفتار و ئەمجارەیان بەرامبەر بە ڕووسیا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بۆ گێڕانەوەی کریما بۆ ئۆکرانیا دروست بکات، ئەمەش نیشانەیەکی ترسناك بوو، بەو مانایەی سیستەمی جیهانی (سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی) چیدیکە ناتوانێت سەرکردایەتیی جیهان بکات.

دەربارەی ڕووداوی دووەمیشیان کە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بوو لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە لە عێراق و شام، ئەمەیان تەنیا بریتی نەبوو لە ڕاگەیاندنی شێوازێکی دیکەی دەوڵەت لە دەرەوەی سیستەمی جیهانی، بەڵکو ڕاگەیاندنی ئەم دەوڵەتە، ڕەتکردنەوەی تەواوی سیستەمی جیهانی و تەواوی ئەو سنوورە نێودەوڵەتییانە بوو کە سیستەمی جیهانی دیاری کردبوون، لەمەش زیاتر ڕاگەیاندنی سیستەمێکی دیکە بوو کە ئامانجی ئەوە بوو خەلافەتێك دابمەزرێت، بەشی زۆری جیهان بگرێتەوە، هەربۆیە ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی، ڕاگەیاندنی کۆتایی سیستەمی جیهانی بوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، وێڕای ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی دژی داعش ڕاگەیاندبوو، بەڵام سوپای دەوڵەتانی ئەندامی ئەم هاوپەیمانییە کە بێجگە لە بەشداریی ئەمریکا و تەواوی دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ، زیاتر لە ٦٠ دەوڵەتی لەخۆی گرتبوو، دەستەوەستان بوو لەسەر ئەوەی میکانیزمێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لەسەر زەوی تیرۆریستانی داعش تێك بشکێنێت.

لەناو ئەم دوو کێشە گەورەیەدا کە هەڕەشەیان لە نەمانی سیستەمی جیهانی دەکرد، هەڕەشەکانی داعش، مەترسییەکانی لکاندنی کریمای بە ڕووسیاوە کاڵ کردبووەوە. ڕێکخەرانی کۆنگرەی ئاسایش لە میونشن لە ساڵی ٢٠١٤ بڕیاریان دا بۆ کۆنگرەی ٥١ی ئاسایش، ڕاپۆرتێك بە هاوکاری سینتاکسەکانی جیهان لەسەر مەترسییەکانی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی جیهان ئامادەبکەن، بۆ ئەوەی ببێتە یارمەتیدەر بۆ تەواوی ئەو سەرۆك و سەرکردە و پسپۆڕانەی جیهان کە بەشداری لەو کۆنگرەیە دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن ڕێوشوێنی گونجاو بدۆزنەوە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو هەڕەشانەی لەسەر سیستەمی


**ئەمریکا لەو ڕوانگەیەوە سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە عێراق پیادە ناکات، کە عێراق مەرجە ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی، بەڵکو لەو ڕاستەوە سەیری عێراق دەکات کە عێراق دەوڵەتێک بێت، وەک خۆیان پێناسەی دەکەن هاوپەیمان و هاوبەشێکی ڕاستەقینەی ئەمریکا بێت، بەڵام تێڕوانینی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا بۆ عێراق لەو ڕوانگەیەوە کە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی و هاوپەیمانێکی کاریگەر بۆ پاراستنی سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی**

**خەریکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تەواوەتی دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو دەستوور و دەوڵەتە فیدراڵییەی کوردستان باسی دەکات و ئەوەی حەیدەر عەبادی دەیەوێت جیهانی پێ هەڵخەڵەتێنێت، دوو شتی جیاوازن و هیچ خاڵێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە**

جیهانی دروست بوون.

هەر لەساڵی ٢٠١٤ و لەو کاتەی هەموو جیهان سەرقاڵی ئەوە بوو کە چۆن میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی تیرۆریستانی داعش لەسەر زەوی تێك بشکێندرێت، تیرۆریستانی داعش لە ئابی ٢٠١٤ هێرشیان کردە سەر کوردستان، بەڵام هێرشەکەی داعش بە بڕیاری بوێرانەی (مان و نەمان) بۆ پاراستنی کوردستان و تێکشکاندنی داعش لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی-یەوە وەڵام درایەوە، لە ئاکامیشدا بۆ یەکەمین جار لەسەر خاکی کوردستان و بە قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، نەك پێشڕەوییەکانی تیرۆریستانی داعش راگیرا، بەڵکو قارەمانیەتی پێشمەرگە ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشی وەك هێزێکی لە شکان نەهاتوو پووچەڵ کردەوە.

بێگومان لە ئابی ٢٠١٤ تا کانوونی دووەمی ٢٠١٥، قارەمانیەتی پێشمەرگە لە تێکشاندنی تیرۆریستانی داعش، جیا لەوەی دیاردەیەکی تازە بوو لەسەر ئاستی سوپا لە هەموو جیهاندا، لەهەمانکاتدا پیشاندانی ئەم قارەمانەتییە گەورەیە لەلایەن هێزێکەوە کە خاوەنی هیچ چەکێکی پێشکەوتوو و تەکنەلۆژیایەکی سەربازیی مەزندە بۆ نەکراو بوو، بۆیە کاتێك لە میانەی پەنێلەکانی کۆڕبەندی داڤۆش باس لە ئایندەی سوپا لە جیهان دەکراو، ئەمریکا و ناتۆ هەوڵیاندەدا بۆ شەڕی دژی داعش، سوود لە ئەزموونی سوپای کۆلۆمبیا وەربگرن، هەر لەو کۆڕبەندەدا، واڵفانگ شنایدەر سەرۆکی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش رایگەیاند، بۆ کۆنگرەی ٥١ی میونشن بۆ ئاسایش بە بەشەخسی سەرۆك بارزانی داوەت کردووە، بۆ ئەوەی لە دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ پاراستنی ئاسایش و رەواندنەوەی مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش لەسەر سیستمی جیهانی، سوود لە ئەزموون و قارەمانیەتی پێشمەرگە وەربگیرێت، ئەمەش یەکەمجار بوو هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسیی بێ دەوڵەت، بەشداری کۆنفرانسێکی جیهانی بۆ ئاسایش لە ژێر ناونیشانی (لەبەریەك هەڵوەشانی سیستمی جیهانی و دوودڵی و خەمساردی پارێزەرانی -؟ Collapsing Order، Reluctant Guardians) بکات و بیکاتە ئەندامێکی هەمیشەیی ئەو کۆنفرانسە




- بەپێی ئەو داتایانەی سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی ستراتیژی (IISS) بڵاوی کردۆتەوە، لە دەوڵەتانی ئەفریقیا ئەولەوییەتی سەرەکی دراوە بە زیادکردنی خەرجییە سەربازییەکان، خواستی زۆر لەسەر کڕینی بەلەمی بچووك و هەلیکۆپتەر هەیە، بەڵام لەسەر چەکەکانی دیکە کەمترە.
- سەنتەری ڤیەننا بۆ داماڵینی چەك و رێگرتن لەبڵاوبوونەوەی، ئەوەی خستۆتەڕوو لە حاڵەتێکدا ئەگەر پەیماننامەی رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی رۆکێتی ئەتۆمیی مامناوەندی و کورتمەودا (INF) لە نێوان ئەمریکا و رووسیا هەڵبوەشێتەوە، ئەوا رۆکێتەکانی رووسیا دەگەنە هەموو پێگەکانی ناتۆ و ئەمریکا لەناو ئەوروپادا.
- داتاکانی سەنتەری میرکاتۆر بۆ دیراساتی چینی (MERICS) دەریانخستووە، هەست بە بەرفراوانبوونێکی ژێرخانی چین لە دەریای باشووری چین دەکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی جێپەنجەی سەربازیی چین لەسەر ئاستی سەربازی زیادی کردووە.

**دروستبوون و گەشەکردنی فیکری توندڕۆیی و تیرۆر لە ژینگەی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتیی رۆژئاوا، گەڕانەوەی ئەم تیرۆریستانە بۆ وڵاتانی رۆژهەڵات و دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ژینگەی دەوڵەتانی رۆژئاوا، ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی فرەکەلتووری رەتبکرێتەوە و بنەماکانی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی کە خۆی لە پاراستنی بەهاکانی ئازادی و مرۆڤایەتی دەبینێتەوە بەرەو پووکانەوە بچێت**

نێودەوڵەتییە لەماوەی چوار ساڵی لەسەر یەکدا.

### رۆڵ و پێگەی کوردستان لەسـەر نەخشـەی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی و پاراسـتنی سیسـتمی جیهانـی

ئەو مەترسی و هەڕەشانەی لە ساڵی ٢٠١٤وە لەسـەر سیسـتمی جیهانـی دروسـت بـوون، نـەك هـەر میکانیزمێـك نەدۆزراوەتـەوە بـۆ ئـەوەی ئـەو سیسـتمە رزگار بکرێـت و مەترسـییەکانی لەسـەر دوور بخرێتـەوە، بەڵکـو سـاڵ لـەدوای سـاڵ مەترسـییەکان زیاتـر دەبـن، ناونیشـانی راپۆرتەکانـی هـەر چـوار سـاڵی کۆنفرانسـی میونشـنیش بەڵگـەی سـەلماندنی ئـەم راستییەن، بەمجـۆرە:

١- راپۆرتـی یەکـەم لەژێـر ناونیشـانی (لەبەریەکهەڵوەشـانەوەی سیسـتمی جیهانـی و دوو دڵـی و خەمسـاردی پارێزەرانـی؟- Collapsing Order، Reluctant Guardians) — کۆنفرانسـی ٥١ سـاڵی ٢٠١٥.

٢- راپۆرتـی دووەم لەژێـر ناونیشـانی (کێشـە بـێ سـنوورەکان، تێکدەرانـی هەڵەشـە، پارێزەرانـی سیسـتمەکە دەسـتەپاچەن لـە ئاسـت کێشـەکاندا- Boundless Crises، Reckless Spoilers، Helpless Guardians) کۆنفرانسـی ٥٢ سـاڵی ٢٠١٦.

٣- راپۆرتی سێهەم لەژێر ناونیشانی (نەمانی متمانـە لـە سیاسـەتدا، پۆسـت رۆژئـاوا، پۆسـت سیسـتمی جیهانـی . Post-Truth، Post-West، Post-Order?) کۆنفرانسـی ٥٣ سـاڵی ٢٠١٧ .

٤- راپۆرتـی چـوارەم لەژێـر ناونیشـانی (سیسـتمی جیهانـی لەسـەر لێـواری هەڵدێـر، گێڕانـەوەی لەسـەر ئـەو لێـوارە. - To the Brink and Back?) کۆنفرانسـی ٥٤ سـاڵی ٢٠١٨.

ئەگەر هەڵوەستە لەسەر ناونیشانی ئەم چوار راپۆرتـە بکەیـن، دەبینیـن هـەر راپۆرتێکیان تـەواوی سـیمای رووداوەکانـی جیهـان و کاریگەرییەکانـی لەسـەر هەڵوەشـانەوەی سیسـتمی جیهانـی دەخەنـەڕوو، بۆیـە ئەگـەر سـەیری راپۆرتـی سـاڵی ٢٠١٥ بکەیـن، راشـکاوانە ئامـاژە بـەوە کراوە کـە سیسـتمی جیهانـی لەبەریـەك هەڵوەشاوە و لـە ئاسـتیدا پارێـزەران و دامەزرێنەرانـی ئـەم سیسـتمە دوودڵ و دەستەوەسـانن، بـەڵام ئـەوەی پێویسـتە لەسـەر ئـەم تایتڵـە تێبینـی بکرێـت ئەوەیـە کـە لـە سـاڵی ٢٠١٥ -٢٠١٦، هەڕەشـەکان زیاتـر مەترسـیدارتر بـوون و کێشـە و شـەڕەکان هەمـوو سـنوورەکانی گرتۆتـەوە و دیسـانیش پارێـزەر و دامەزرێنەرانـی سیسـتمەکە کـە مەبەسـتی (ئەمریـکا و ناتـۆ و دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپایە) دەستەپاچەن و لەبەرامبەردا رووسیا و ئێـران زیاتـر لـە شـەڕی دژی داعشـدا دەردەکـەون و چینیـش ئەزموونـی خـۆی لـە تێکەڵکردنـی حوکمڕانییەکـی (ئۆتۆکراتـی و سـەرمایەداریدا) دەکاتـە نموونەیەکـی سـەرنجڕاکێش و جێگـرەوەی سیسـتمی لیبـڕاڵ دیموکراتـی لـە جیهانـدا، هەربۆیـە راپۆرتـی سـاڵی ٢٠١٧ تایتڵێکـی مەترسـیدارتری هەڵگرتـووە، کـە پێکـەوە سـێ شکسـتی گـەورە دەخاتـەڕوو کـە بریتیـن لـە: (قۆناخی نەمانی راستگۆیی لە سیاسەتی حزبە سیاسـییەکانی سیسـتمە لیبـڕاڵ دیموکراتییـەکان و باڵادەسـتبوونی پۆپۆلیسـتی، نەمانـی رۆڵـی رۆژئـاوا لەچارەسـەرکردنی کێشـەکانی جیهـان بەگشـتی و رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەتایبەتـی، دەرکەوتنـی تـەواوی قۆناخـی دوای سیسـتمی جیهانـی) ئـەم مەترسییانە هـەر هەموویـان پێـش ئـەوە بـوون کـە دۆناڵـد ترەمـپ بچێتـە کۆشـکی سـپی و سیاسـەتی ئەمریـکا لەسـەر بنەمـای (ئەمریـکا یەکـەم و پێـش هـەر شـتێکی دیکـە) دابڕێژێتـەوە، بۆیـە ساڵی ٢٠١٧ وەك ساڵی بـەرەو لێواری هەڵدێری سیستمی جیهانی بردووە، هـەر بۆیـە تایتڵـی راپۆرتـی ئەمسـاڵی کۆنفرانسـی میونشـن بـووە بـە (بـەرەو لێـواری هەڵدێـر. بـەڵام گەڕانـەوە).

لەژێـر ئـەم تایتڵـە فرەڕەهەنـد و فراوانـەی کـە پێناسـەی ئاسـایش و سـەقامگیریی ئێسـتای نێودەوڵەتـی و مەترسـییەکانی سـەر سیسـتمی جیهانـی دەکات، پرسـیار ئەوەیـە ئایـا بەشـداریی کوردسـتان چـۆن لەژێـر ئـەم تایتڵـە فراوانـە دەخوێندرێتـەوە؟ دیـارە پێـش ئـەوەی راسـتەوخۆ وەڵامـی ئـەم پرسیارە بدرێتەوە، گرنگـە ئاگاداری ئـەوە بیـن کـە گرنگیـی کوردسـتان لەسـەر نەخشـەی ئاسایشـی جیهـان، تێکـەڵاوی ئـەو کێشـە بەرچاوانـە نەکرێـت کـە ئێسـتا بـە شـێوەیەکی گشـتی دەبنـە سـەردێڕی هەواڵەکانـی جیهـان وەك: (هەوڵـەکان بـۆ داماڵینـی چەکـە ئەتۆمییەکانـی کۆریـای باکـوور، دەرچوونـی بەریتانیـا لـە یەکێتـی ئەورووپـا، دەرچوونـی ئەمریـکا لـە رێککەوتنـی

**هەر لەساڵی ٢٠١٤ و لەو کاتەی هەموو جیهان سەرقاڵی ئەوە بوو کە چۆن میکانیزمێک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی تیرۆریستانی داعش لەسەر زەوی تێک بشکێندرێت، تیرۆریستانی داعش لە ئابی ٢٠١٤ هێرشیان کردە سەر کوردستان، بەڵام هێرشەکەی داعش بە بڕیاری بوێرانەی (مان و نەمان) بۆ پاراستنی کوردستان و تێکشکاندنی داعش لەلایەن سەرۆک مسعود بارزانی-یەوە وەڵام درایەوە**

پاریس بۆ کەشوهەوا، باڵادەستیی رووسیا و پاشەکشەی ئەمریکا و ناتۆ لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست). لەبری ئەمە گرنگە جەخت لەسەر ئەو فاکتەرە وردانە بکەینەوە کە بوونەتە ماکی هەڕەشەیەکی جددی لەسەر سیستەمی جیهانی و سیستەمی فرەکەلتووری و پێکەوەژیان لە رۆژئاوای دیموکراتیدا.

کەواتە کێشەی سەرەکیی سیستەمی لیبراڵ دیموکراتیی رۆژئاوا، کێشەگەلێکن لە هەناوی کۆمەڵگەی رۆژئاوا دروست بوون و، دەرهاویشتەی ئەو کێشە ناوخۆییانەن کە بوونە هەڕەشە لەسەر سیستەمی جیهانی، گرنگترین کێشەکانیش بریتین لە:

١- دروستبوون و گەشەکردنی فیکری توندڕۆیی و تیرۆر لە ژینگەی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتیی رۆژئاوا، گەڕانەوەی ئەم تیرۆریستانە بۆ وڵاتانی رۆژهەڵات و دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ژینگەی دەوڵەتانی رۆژئاوا، ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی فرەکەلتووری رەتبکرێتەوە و بنەماکانی سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی کە خۆی لە پاراستنی بەهاکانی ئازادی و مرۆڤایەتی دەبینێتەوە بەرەو پووکانەوە بچێت و، دیاردەی رەگەزپەرستی و رەتکردنەوەی تێکەڵاوبوون و پێکەوەژیان، ببێتە دروشمی سەرەکیی هەڵبژاردنەکان. کەواتە ئەم دیاردەیە لەناوەوە بەها و کۆڵەگەکانی سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی لەبەر یەک هەڵوەشاندۆتەوە.

٢- لەسەر ئاستی دەوڵەتانی رۆژئاوا کە خاوەنی چەکی مۆدێرن و تەکنەلۆژیای سەربازی و شۆڕشی چوارەمی پیشەسازین، نە دەتوانن لەدەرەوەی سنوورەکانی خۆیان و لەسەر زەوی تیرۆریستان تێک بشکێنن و ئاشتی سەقامگیری بۆ ئەو ناوچانە بگێڕنەوە کە بوونەتە نەوای ئارام بۆ تیرۆریستان، نە لەسەر ئاستی ناوخۆش ئەو توانایەیان هەیە کە ژینگەی دروستبوونی توندڕەوی ریشە کێش بکەن و پایەکانی سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی راست بکەنەوە و سەقامگیری وڵاتەکانی خۆیان بپارێزن.

ئەگەر لەم دوو خاڵەوە سەیری پێگەی کوردستان لەسەر نەخشەی ئاسایشی جیهان بکەین، ئەوا ئەو سیاسەت و حوکمڕانییەی




**• ئێستا سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی لەسەر لێواری هەڵدێرە، ئەو سیستەمەی کە هاری ترۆمان و دین ئاشتۆن لە یادەوەرییەکانیان ئاماژەیان پێکردووەو لە ساڵی ١٩٤٥ گوتوویانە: ئێستا لە دروستبووندایە .**

**• وەک جۆن ئیکینبیری تێبینی کردووە، ئێستا بەهێزترین دەوڵەتی جیهان کە ئەمریکایە، دەستی کردووە بە تێکدانی سیستەمی لیبراڵیی جیهانی کە خۆی دامەزرێنەر و دروستکەری سیستەمەکەیە.**

**• بەپێی داتاکانی دامەزراوەی فریدم هاوس لە ساڵی ٢٠١٧ پێشێلکردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان لە سەرانسەری جیهان گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر خراپ بە بەراورد بە ١٠ ساڵی رابردوو.**

**• ترەمپ و سەرکردەکانی هاوشێوەی لە بەشەکانی دیکەی رۆژئاوا بانگەشە بۆ تێگەیشتنێکی نالیبراڵیانە بۆ شارستانیەتی رۆژئاوا دەکەن، لەبری شانازیکردن بە بەهاکانی لیبراڵی و دەستکەوتەکانی دیموکراتی، بانگەشە بۆ ناسیۆنالیزم و ئایین و کەلتووری رۆژئاوا دەکەن.**

**هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پابەندبوونی بە ناوەڕۆک و گەوهەری دەستووری عێراقەوە، ماسکی فیدراڵی لە سەری دەوڵەتی عێراق لابردو، عەبای دەستووریشی لەسەر شانی عەبادی هێناوەتە خوارەوە. شاندی کوردستان وەک قۆناخی پێش ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ سەردانی دەوڵەتان و کۆڕ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان دەکات و بە دەیان کۆبوونەوەی گرنگی لەگەڵ سەرۆک و سەرۆک وەزیران و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری وڵاتانی جیهان ئەنجام دەدات**

**حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق، عەبای سیاسەتە تاکتیکییەکەی ئێرانی داوە بەشانیدا و ماسکێکی فیدراڵی لەسەر کردووە و دەیەوێت لەژێر ئەم ماسکە و بە عەبای دەستووری عێراقەوە، خۆی وەک سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵی لە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و بەتایبەتی ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش نمایش بکات**

لە کوردستان پیادە کراوە، توانیویەتی ئەم دوو کێشە گرنگە چارەسەر بکات، هەر بۆ نموونە گەلی کوردستان بەشی زۆری موسڵمانە، بەڵام بەشێکی بەرچاویشی نەتەوە و ئایین و جیاوازی دیکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەی دامەزراوەکانی کوردستان هێندەی دامەزراوەکانی ڕۆژئاوا ئیمکانیەتیان لەبەردەست نییە و لەگەڵ ئەوەی هەیکەلەی دامەزراوەکانی کوردستان وەك هەیکەلەی دامەزراوەکانی ڕۆژئاوا ڕیشەیان داکوتراو نییە، بەڵام ژینگەیەك دروست بووە کە توندوتیژی و تیرۆری تیا دروست نابێت، لێبووردەیی و پێکەوەژیانی تێدا ڕەتناکرێتەوە، بەپێچەوانەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان و یەکتری قبوڵکردنی تێدا قووڵتر دەبێتەوە. سەبارەت بە کێشەی دووەمی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کە بریتییە لە دەستەوەستان بوونی سوپا و دەزگاکانی هەواڵگرییان لە تێکشکاندنی تیرۆریستان لەسەر زەوی و دروستکردنی سەقامگیرییەکی کۆمەڵایەتی کە بتوانرێت ڕێگە لە ژینگەی سەرهەڵدانی فیکری توندوتیژی بگرێت، ئەوا کوردستان جیا لەوەی خاوەنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و بەکردەوە سەلماندوویەتی خاوەنی ئەو هێزە قارەمانەیە کە دەتوانێت لەسەر زەوی تیرۆریستان بشکێنێت، ئەوا لەسەر ئاستی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگرییش، ئەو ڕاستییەی پیشانی جیهان داوە کە توانای پاراستنی سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی هەیە و توانیویەتی ژینگەیەکی وا بخوڵقێنێت، کە ڕێگە لە دروستبوونی فیکری تیرۆر و توندوتیژی بگرێت.

بێگومان ساڵی یەکەمی دەستبەکاربوونی ئیدارەکەی دۆناڵد ترەمپ بە پێناسەکردنەوەی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، ئەو ڕاستییەی لەسەر زاری ماکماستەری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بۆ هەموو جیهان ئاشکرا کرد، کاتێك ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد، ئەو سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانییەی بە درێژایی دەیەکانی ڕابردووی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی لەلایەن هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتییەوە لەسەر بنەمای پاراستنی بەهاکانی سیستەمی لیبراڵی نێودەوڵەتی داڕێژدراوە، ئەوا چیدیکە نوسخەی ئەو سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانییە بۆ ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا ناگونجێت، لەمەش زیاتر وەك ریکس تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: زۆر جار پابەندبوونی ئەمریکا بە پاراستنی بەهاکانی سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی گورزی گەورەی لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا وەشاندووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمریکا چیدیکە خۆی پابەند ناکات بە بنەماکانی سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی و پاراستنی بەهاکانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهان، ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا سیستەمی لیبراڵیی جیهانی بەرەو هەڵدێر بردووە، بەڵام دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا کە خۆیان بە میراتگری سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی دەزانن، هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە، سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی لەسەر لێواری هەڵدێر بگێڕنەوە بۆ دواوە و جارێکی دیکە لە ناوەوە و بەپشت بەستن بە سیستەمێکی بەرگری بەبێ پشت بەستن بە ئەمریکا، هەنگاو بۆ پابەندبوون بە بەهاکانی سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی و پاراستنی بەهاکانی ئازادی و مافەکانی هەڵبگرنەوە.

لەساڵی ٢٠١٧ چەندە دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ وەك ڕەشبینییەك بۆ ئایندەی سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی سەیر کرا، لەوە زیاتر بە گەشبینییەوە سەیری دەستبەکاربوونی ئەمانوئیل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا کرا. لەو کاتەوە ماکرۆن بووە بە سەرۆکی فەرەنسا، تا ڕادەیەکی زۆر ئازارەکانی دەرچوونی بەریتانیای لە یەکێتی ئەوروپا سارێژ کردووە و جارێکی دیکە سەلماندییەوە کە ئەوروپا ئامادەباشی بۆ پارێزگاریکردن لە سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی و بەهاکانی سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی هەیە، بەمەش هێز و ئیرادەیەکی نوێ لە دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتی بەرگریی ناتۆ و ئەوروپا دروست بووە.

لەم چوارچێوەیەدا کە ئێستا ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا دەیانەوێت سەرلەنوێ ڕۆڵی خۆیان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان پێناسە بکەنەوە و بە جددی لەهەوڵی ئەوەدان بەهاکانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان و

فرەکەلتووری بگێڕنەوە بۆ ژینگەی سیاسیی وڵاتەکەیان، کوردستان ئەو پێگە جوگرافییەیە کە دەکرێت وەك ئەزموونێك بۆ پێکەوەژیان و یەکتری قبووڵکردنی قۆناخی دوای تێکشکاندنی سەربازیی داعش سەیر بکرێت و بکرێتە نموونەیەك بۆ ئەوەی لە پرۆسەی سیاسی دوای تێکشکاندنی داعش، ئەزموونی کوردستان لەناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە بکرێتەوە.

## ● دیدار و کۆبوونەوە هەمەلایەنەکانی شاندی کوردستان و هەڵماڵینی ماسکی فیدراڵی لە ڕووی عێراق

ئەنتۆنی گۆترێس ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وتەکەیدا کە لە کردنەوەی کۆنفرانسی ٥٤ی میونشن بۆ ئاسایش پێشکەشی کرد، ئاماژەی بەوە کرد، ئەو یەکدەنگییە نێودەوڵەتییەی سەبارەت بە داماڵینی چەکە ئەتۆمییەکانی کۆریای باکوور لە ئەنجومەنی ئاسایش بوونی نییە، هەمان ئیرادە و یەکدەنگیش سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی نییە، بۆیە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەریان بۆ نادۆزرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر دەوڵەتانی ئەنجومەنی ئاسایش بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە چوارچێوەی داماڵینی چەکە ئەتۆمییەکانی کۆریای باکوور کۆیان بکاتەوە، ئەوا بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە چوارچێوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆیان ناکاتەوە. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا بەرامبەر قسەکانی گۆترێس ئەوەیە بۆچی دژایەتیکردنی ریفراندۆمی کوردستان بووە داماڵینی چەکە ئەتۆمییەکانی کۆریای باکوور و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دژی ئەنجامدانی ئەو ریفراندۆمە کۆکردەوە؟ ئەگەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دیسان لە قسەکانی گۆترێسەوە بگەڕێین، ئەوا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بێدەنگیی ڕووسیا و داکۆکیکردنی بەرژەوەندییە جیاوازە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ یەکپارچەیی عێراق و ڕێگرتن لە سەربەخۆیی کوردستان بۆ پارێزگاریکردن لە سیستەمی جیهان، یان ئەوەی ڕۆژئاوا پێی دەڵێن: سیستەمی لیبراڵیی




**● لە کۆنفرانسی ٢٠١٧ی میونشین، ڕووسیا و ئێران وێڕای دژایەتییان بۆ سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی، نەیانتوانی نموونەیەکی سەرنجڕاکێش پێشکەش بکەن، بەڵام چین زۆر بە زیادەوە توانی نموونەیەکی سەرنجڕاکێش لە تێکەڵەی مودێلی سیستەمی ئۆتۆکراتی و کەپیتالیزم پێشکەش بکات.**

**● سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ١٩٤٥– ٢٠١٧ لەسەر بنەمای پاراستنی بەهاکانی سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی داڕێژدراوە، بەڵام ئێستا ماکماستەر ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دەڵێت، چیدیکە نوسخەی ئەو ئاسایشە بە کەڵکی ٢٠١٧ نایەت.**

**● ئەنگیلا میرکل دوای سەردانەکەی ترەمپ بۆ ئەوروپا ڕاشکاوانە گوتی: ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە دەمانگوت پشت بە یەکتری دەبەستین، لەمەودوا دەبێت قەدەری ئەوروپا لەدەستی ئەوروپییەکاندا بێت.**

نێودەوڵەتی نییە، بەڵکو هێشتنەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ ململانێ و زۆرانبازیی سیستەمە جیهانییەکان کە چاوەڕێ دەکرێت لە ئێستا بەدواوە جیهان بەرەو جیهانێکی فرەسیستەمی هەنگاو هەڵبگرێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێران و رووسیا زۆر بەباشی لە دژایەتیکردنی سیستەمی ئێستای جیهان و هێشتنەوەی ئەسەد لەدەسەڵاتدا یەك دەگرنەوە، بەڵام تورکیای ئەندامی ناتۆ لەبەر ئەوەی تێڕوانینەکانی بۆ بەرژەوەندییەکانی لە عێراق و سووریا لەگەڵ ئامانجەکانی ئەمریکا و ناتۆ یەك ناگرێتەوە، بە جۆرێکی دیکە خۆی لەگەڵ رووسیا و ئێران گونجاندووە، ئەوجا لەبەر ئەوەی پشتگیریکردن، یان چاوپۆشیکردن لە رەفتارەکانی تورکیا لەناو سووریادا، دەبێتە دروستبوونی هاودژییەکی توند لەنێوان ئامانجەکانی تورکیا و ئەمریکا و ناتۆدا، ئەوا بەرژەوەندیی رووسیا و ئێران لەم هاوکێشەیەدا بەو جۆرەیە کە زیاتر پشتگیری تورکیا بکەن، بۆ ئەوەی باڵی رۆژهەڵاتی ناتۆ بشکێت و دەستی ناتۆ بە تەواوەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورت بکەنەوە.

سەبارەت بە عێراقیش، بێگومان کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆن کۆنترۆڵی دیمەشقی کردووە لەژێر پەردەی بەرگریکردن لەمانەوەی رژێمی ئەسەد، بەهەمان شێوە کۆنترۆڵی بەغداشی کردووە لەژێر پەردەی ئەو دەستوورەی بە چاودێری ئەمریکا نووسراوەتەوە و گەلانی عێراق دەنگیان لەسەر داوە، بەڵام تاکتیکی کۆماری ئیسلامی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، لەپرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی سوپای عێراقدا چۆن بوو، لە پرۆسەی مامەڵەکردنی دەستووری عێراقیشدا بەهەمان شێوەیە، هەر بۆ نموونە ئەمریکا لە پرۆسەی بونیادنانەوەی سوپای عێراقدا پرۆسەی (DDR) پیادەکرد، بەمانای (چەك داماڵین، تەسریح کردن، دووبارە تێکەڵکردنەوە)، لەم پرۆسەیە ئەمریکا ئامانجی ئەوە بوو سوپای عێراق بەوجۆرە بونیاد بنرێتەوە کە ناسنامەیەکی نیشتمانی هەبێت، بەڵام کاتێك ئێران تاکتیکی خۆی تێکەڵی ئەم پرۆسەیە کرد، سوپای عێراقی گۆڕی بۆ سوپایەکی مەزهەبگەرای شیعە و سەرەنجامیش ئەو سوپایە لە بەردەم تیرۆریستانی داعش لەبەریەك هەڵوەشاوەو زەمینەی ئەوە بۆ ئێران دروست بوو کە ئەمریکا بەوە رازی بێت لەسەر مۆدێلی سوپای پاسداران و حزبوڵای لوبنانی، هێزی کاریگەر بەناوی حەشدی شەعبی دروست بێت، کە ئێستا بۆتە ئەمری واقیع و ماسکێکی یاسایی لەسەر کراوەو دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. سەبارەت بە پرۆسەی سیاسیی عێراقیش کە ئەمریکا خواستی ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، نفووزی ئێرانی لە عێراق کەم بکاتەوە و دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی بونیاد بنرێتەوە، ئەوا چۆن کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پرۆسەی (DDR) بۆ بونیادنانەوەی سوپا مامەڵەی کرد و پاشان زەمینەی ئەوەی رەخساند ئەمریکا بە حەشدی شەعبی رازی بێت، ئێستاش بەهەمان شێوە بەشێوەیەکی تاکتیکی دەستووری عێراقی کردۆتە ئەو بازنەیەی کە سیستەمی فیدراڵیی عێراق هیچ بەهایەکی نامێنێت و زەمینە بۆ سیستەمی ویلایەتی فەقیهی دادەڕێژێت. هەر بۆ نموونە چۆن رابەری شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران چەند کاندیدێك بۆ سەرکۆماری ئێران کاندید دەکات و هەر ئەو کاندیدەش کە رابەری کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسداران مەبەستیانە هەڵبژاردنەکە دەباتەوە، ئیستا لەناو لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقیشدا چەند کاندیدێك بە رەزامەندی سوپای پاسداران و کۆماری ئیسلامی دەستنیشان کراون، هەر کامیان هەڵبژاردنەکە بباتەوە، هەر هەمان ئەو سیاسەتە جێبەجێ دەکات کە کۆماری ئیسلامی تەبەنی دەکات. ئەم سیاسەتەش وەك لە هەڵبژاردنی دوو سێ مانگی داهاتوو ئاکامەکەی دەبینین، کۆپییەکی سیاسەتی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و راستەوخۆ پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بەتایبەتی کورد و عەرەبی سوننە دەخاتە پەراوێزەوە.

حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق، عەبای سیاسەتە تاکتیکییەکەی ئێرانی داوە بەشانیدا و ماسکێکی فیدراڵی لەسەر کردووە و دەیەوێت لەژێر ئەم ماسکە

**لەبەر ئەوەی پشتگیریکردن، یان چاوپۆشیکردن لە رەفتارەکانی تورکیا لەناو سووریادا، دەبێتە دروستبوونی هاودژییەکی توند لەنێوان ئامانجەکانی تورکیا و ئەمریکا و ناتۆدا، ئەوا بەرژەوەندیی رووسیا و ئێران لەم هاوکێشەیەدا بەو جۆرەیە کە زیاتر پشتگیری تورکیا بکەن، بۆ ئەوەی باڵی رۆژهەڵاتی ناتۆ بشکێت و دەستی ناتۆ بە تەواوەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورت بکەنەوە**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران و رووسیا زۆر بەباشی لە دژایەتیکردنی سیستەمی ئێستای جیهان و هێشتنەوەی ئەسەد لەدەسەڵاتدا یەک دەگرنەوە، بەڵام تورکیای ئەندامی ناتۆ لەبەر ئەوەی تێڕوانینەکانی بۆ بەرژەوەندییەکانی لە عێراق و سووریا لەگەڵ ئامانجەکانی ئەمریکا و ناتۆ یەک ناگرێتەوە، بە جۆرێکی دیکە خۆی لەگەڵ رووسیا و ئێران گونجاندووە**

و بە عەبای دەستووری عێراقەوە، خۆی وەك سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵی لە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و بەتایبەتی ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش نمایش بکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو کە زۆر بە توندی پێی لەسەر گەمارۆی ئاسمانی و داخستنی فڕۆکەخانەکانی کوردستان داگرت، بۆ ئەوەی بوو کە نە شاندی کوردستان بتوانێت سەردانی دەرەوە بکات و نە شاندە نێودەوڵەتییەکانیش بتوانن سەردانی کوردستان بکەن، بەڵام هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پابەندبوونی بە ناوەڕۆك و گەوهەری دەستووری عێراقەوە، ماسکی فیدراڵی لە سەری دەوڵەتی عێراق لابردو، عەبای دەستووریشی لەسەر شانی عەبادی هێناوەتە خوارەوە. شاندی کوردستان وەك قۆناخی پێش ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ سەردانی دەوڵەتان و کۆڕ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان دەکات و بە دەیان کۆبوونەوەی گرنگی لەگەڵ سەرۆك و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری وڵاتانی جیهان ئەنجام دەدات. لەمەش گرنگتر دیدار و کۆبوونەوەکانی نێوان سەرۆك وەزیرانی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی عێراق، ڕوویەکی دیکەی ئەو ماسك هەڵماڵین و عەبا لەشان داگرتنەیە کە خەریکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تەواوەتی دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو دەستوور و دەوڵەتە فیدراڵییەی کوردستان باسی دەکات و ئەوەی حەیدەر عەبادی دەیەوێت جیهانی پێ هەڵخەڵەتێنێت، دوو شتی جیاوازن و هیچ خاڵێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە.

دیارە بۆ ئێستای سیستمی جیهانی کە ئەورووپا و ناتۆ خەریکە ناچار دەبن بە بێ پشت بەستن بە ئەمریکا، سیاسەتێکی بەرگری بۆ خۆپاراستن لە ئەورووپا و جیهان دابڕێژنەوە، تێڕوانینی ئەورووپا و ناتۆ بەرامبەر بە عێراق، بە جۆرێك لە جۆرەکان لە تێڕوانینی ئەمریکا بۆ عێراق جیاوازە، ئەم جیاوازییەش لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە چیدیکە ئەمریکا لەو ڕوانگەیەوە سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە عێراق پیادە ناکات، کە عێراق مەرجە ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی، بەڵکو لەو ڕاستەوە سەیری عێراق دەکات کە عێراق دەوڵەتێك بێت، وەك خۆیان پێناسەی دەکەن هاوپەیمان و هاوبەشێکی ڕاستەقینەی ئەمریکا بێت، بەڵام تێڕوانینی ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا بۆ عێراق لەو ڕوانگەیەوە کە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی و هاوپەیمانێکی کاریگەر بۆ پاراستنی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی.

ئەم دوو ڕوانگەیە لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی سیاسی و ستراتیژییەوە دوو تێڕوانینی جیاوازن و دوو شێوازی دەوڵەت پێناسە دەکەن، بەڵام هەردووکیان لە بەرژەوەندیی سیاسەتەکانی ئێران و تورکیا و شیعەی عێراق تەواو نابن، بەپێچەوانەوە وێڕای جیاوازی نێوانیشیان هەردوو تێڕوانینەکە لە بەرژەوەندیی ئایندەی کوردستاندا بەرجەستە دەبن، لەمەش زیاتر تێڕوانینی کوردستان بۆ ئایندەی عێراق، هەردوو جیاوازی ئەمریکا و ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا لە بازنەیەکدا پێکەوە کۆدەکاتەوە، هەر بۆیە وەك سەرنج دەدرێت، لە هەر کۆبوونەوە و کۆڕ و کۆنفرانسێکدا کە شاندی کوردستان و عێراق پێکەوە بەشداری دەکەن، دەبینین ئاستی پێشوازی لە دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی کوردستان ڕووی لە هەڵکشانێکی بەرچاوە و ئاستی پێشوازیی دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی عێراقی لە داکشانێکی تەواودایە، یان لەهەموو دیدار و کۆبوونەوەیەکدا شاندی عێراقی بە سەرۆکایەتی د.حەیدەر عەبادی دەخرێتە بەردەم کۆمەڵێك داواکاری گوشارەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە خواستە شاراوەکانی شاندی عێراقی نە لەگەڵ تێڕوانینی ئەمریکا بۆ ئایندەی عێراق و نە لەگەڵ تێڕوانینی ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا یەك دەگرێتەوە.

سەرکەوتنی دیدار و کۆبوونەوەکانی شاندی کوردستان لە کۆڕبەندی داڤۆس لە مانگی ڕابردوو، شکاندنی گەمارۆی دیپلۆماتی بەدوای خۆیدا هێنا و، بە پێچەوانەی ئارەزووی حکومەتەکەی عەبادییەوە، وەزیری بەرگری ئەڵمانیا و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا سەردانی کوردستانیان کرد، ئاکامی دیدار و کۆبوونەوە سەرکەوتووەکانی ئەمجارەی شاندی کوردستانیش لە کۆنفرانسی میونشنی ٢٠١٨، پێگەی کوردستان دەباتە ئاستێکی دیکە و لە ئایندەیەکی نزیکدا ئاکامی ئەمیشیان دەبینین.

**کوردستان ئەو پێگە جوگرافیییەیە کە دەکرێت وەک ئەزموونێک بۆ پێکەوەژیان و یەکتری قبووڵکردنی قۆناخی دوای تێکشکاندنی سەربازیی داعش سەیر بکرێت و بکرێتە نموونەیەک بۆ ئەوەی لە پرۆسەی سیاسی دوای تێکشکاندنی داعش، ئەزموونی کوردستان لەناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە بکرێتەوە**

**کوردستان جیا لەوەی خاوەنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و بەکردەوە سەلماندوویەتی خاوەنی ئەو هێزە قارەمانەیە کە دەتوانێت لەسەر زەوی تیرۆریستان بشکێنێت، ئەوا لەسەر ئاستی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگرییش، ئەو ڕاستییەی پیشانی جیهان داوە کە توانای پاراستنی سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی هەیە و توانیویەتی ژینگەیەکی وا بخوڵقێنێت، کە ڕێگە لە دروستبوونی فیکری تیرۆر و توندوتیژی بگرێت**



عیرفان کەرکووکی

سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# لە ئێستادا کەرکووک بۆتە سەربازگە و زیندانێکی گەورە

## دەبێت هەموو هەوڵێک بخەینەگەڕ بۆ گێڕانەوەی پێکەوەژیان و ئارامی لە کەرکووک

**لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کەرکووك بە دۆخێکی نائارام و ناسەقامگیردا تێپەڕ دەبێت، ئەمەش بۆ ئەو عەسکەرتاریەت و پێشێلکارییانە دەگەڕێتەوە کە بەغداو حەشدی شەعبی لەو شارەدا ئەنجامیان داوەو دەیدەن، بە ڕاددەیەك جگە لە پێکهاتەی کورد پێکهاتەکانی تری تورکمان و عەرەبیش کەوتوونەتە بەر شاڵاوی میلیشیا چەکدارەکانی حەشدی شەعبی و ڕۆژانە حاڵەتی ڕفاندن و کوشتن ڕوودەدەن، لەم دۆخەشدا زەحمەتە هاووڵاتیان بتوانن بە ئازادانە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی کەرکووك و دۆخی شارەکە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی عیرفان کەرکووکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

**دیدارمان لەگەڵ هەموو کونسوڵگەرییەکان و لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە و باسی دۆخی مرۆیی خەڵکی کەرکووکمان و ڕەوشی ئاوارەکانمان کردووە و داوای ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی ئەو شارەمان کردووە**

*** ئاشکرایە لە ئێستادا ڕەوشێکی نایاسایی و نەخوازراو باڵی بەسەر شاری کەرکووکدا کێشاوە و ئەو شارە بەدەست چەندین کێشەوە دەناڵێنێت، ئایا تا دۆخی عەسکەرتاریەت و بوونی گرووپە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی لەو شارەدا کۆتایی نەیەت، دەتوانرێت دۆخەکە لە کەرکووك ئاسایی بکرێتەوە؟**

- هەروەك دەزانن لە ئێستادا چاوەڕوان دەکرێت بارودۆخی کەرکووك ئاسایی بکرێتەوە، چونکە بە ڕاستی خەڵکەکە لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێدا دەژین، واتە پێویستە ئارامی و ئاسایش بۆ شارەکە بگەڕێتەوە و ئەو هەموو هێز و چەکدارانە لە ناو شارەکەدا نەمێنن. چونکە پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر و بە ڕێککەوتنی نێو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك دۆخی شار بەرپرسیارێتی هێزی پۆلیسی کەرکووك بوو کە لە هەموو نەتەوەکان پێکهاتووە. ئێستاش دەبێت ڕەوشەکە ئاسایی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی متمانە بە پێکەوەژیان بکەنەوە. بەڵام ئێستا بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری چەکدار لە ناو شارەکەدا، خەڵکەکە لە نیگەرانیدا دەژین و ئەمەش کەشێکی دروستکردووە کە نەتوانرێت چالاکیی سیاسی و جموجۆڵی ئابووری و تەنانەت جموجۆڵی کۆمەڵایەتیش بکرێت، لەبەر ئەوەی بە ڕاستی دیاردەی کوشتن و ڕفاندن و دزین لە شاری کەرکووکدا زۆر زۆر بووە، ئەمەش ترسی لای خەڵك دروست کردووە. ئێمە ڕۆژانە پەیوەندی بە خەڵکی کەرکووکەوە دەکەین و ئەوان دووپاتی دەکەنەوە کە دۆخەکە زۆر ناخۆشە، ئەمەش وا پێویست دەکات کە بە ڕێککەوتنی هەموو لایەنەکان کار بکرێت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەو شارە.

*** واتە ئایا پێتوایە ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بووەتە هۆی نەهێشتنی ئەو ئاسایش و ئارامییەی تا ڕاددەیەکی باش خەڵکی کەرکووك لێی بەهرەمەند بوون، هەروەها ئەمە مەترسی لەسەر پێکەوەژیان لەو شارەدا دروست کردووە؟**

- ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا ڕوویدا، بووە هۆی شپرزەکردن و شڵەژاندنی خەڵکەکە و نیگەرانی باڵی بەسەر شارەکەدا کێشاوە و خەڵکێکی زۆر دوچاری ئاوارەیی بوون و ڕوویان کردە شارەکانی چەمچەماڵ و هەولێر، جێهیشتنی شارەکەش لەلایەن ئەو خەڵکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاسایش و ئارامی نییە لەو شارەدا، بەپێچەوانەوە کوشتن و ڕفاندن هەیە، تەنانەت پارتە سیاسییەکانی کوردستانیش بە پارتەکەی ئێمەشەوە- پارتی گەلی تورکمانی- ناتوانین هیچ جموجۆڵ و چالاکییەکی سیاسی ئەنجام بدەین و ئازادانە کۆڕ و سیمینار بکەن و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا دروست بکەن. واتە دەتوانم بڵێم شارەکە داگیرکراوە و نە خەڵك و نە حزبە سیاسییەکان ناتوانن بە چەشنی پێش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کار و چالاکیی ئاسایی خۆیان لە کەرکووك ئەنجام بدەن. دوای ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك دوچاری ئیفلیجی بۆتەوە

و ناتوانێت کۆبونـەوە ئەنجـام بـدات، پارێـزگار لـەو شـارەدا بوونـی نییـە، کـە هەمـوو ئەمانـە هـۆکارن بـۆ ئـەو نیگەرانییـە زۆرەی کـە خەڵکی کەرکـوک هەسـتی پێدەکـەن. چونکـە لـە دوای ١٦ی ئۆکتۆبـەرەوە ئـەو هەمـوو هێـزە رژانـە نێـو شارەکەوە و ئێستا کەرکوک بۆتـە سـەربازگەیەکی گـەورە و لـە راسـتیدا زینداێکـی گـەورەیە بـۆ خەڵکەکـەی، لەبـەر ئـەوە دووپاتـی دەکەمـەوە کـە رەوشـی ئـەم شـارە پێویسـتی بـە ئاسـاییبوونەوە هەیـە و پێویستی بە ئارامی و پێکەوەژیـان هەیـە، هەروەهـا پێویسـتی بـە رێککەوتنـی سـەرجەم لایەنـەکان و بەتایبـەت لایەنـە کوردسـتانییەکان هەیـە.

*** ئامـاژەت بـەوە کـرد کـە تەنانـەت پارتـی گەلـی تورکمانیـش ناتوانێـت ئازادانـە چالاکـی سیاسـیی خـۆی ئەنجـام بـدات، پرسـیارەکەمان ئەوەیـە ئایـا جگـە لـە کـوردی کەرکـوک تـا چ رادەیـەك پێکهاتـەی تورکمانـی ئـەو شـارەش دوچـاری نەهامـەت و ناهەمـواری بوونەتـەوە لـە ئەنجامـی ئـەو رووداوانـەی ئاماژەتـان پێکـردن؟**

- لـە راسـتیدا چەندیـن کەسـایەتی و خەڵکـی بێلایەنـی تورکمـان دوچـاری رفانـدن و کوشـتن بوونەتـەوە و بـە بـێ بوونـی بریـاری دادگا هەڵیانکوتاوەتـە سـەر ماڵەکانیـان و بـە بـێ هیـچ پەراوێکـی لێکۆڵینـەوە لـە ماڵەکانـی خۆیـان بردوویانـن و تـا ئێسـتاش بێسەروشـوێنن و کار گەیشـتۆتە ئـەو رادەیـەی کـە ئەگـەر هاووڵاتییەکـی ئاسـایی ئۆتۆمبێلێکـی مۆدێـل بـەرزی هەبێـت، ناتوانێـت بـەکاری بهێنێـت، چونکـە لێـی زەوت دەکـەن و دەیبـەن، بەداخـەوە ئـەم دیاردەیـەش لـە کەرکـوک رۆژ بـە رۆژ لـە زیادبووندایە، ئەمـەش بۆتەهـۆی ئـەوەی نیگەرانـی زیاتر بێت لای خەڵکەکە. ئێمـەش وەك پێکهاتـەی تورکمـان پێویسـتمان بـە ژیانـە و پێمانوایـە دەبێـت تەوافـوق و پێکەوەژیـان بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەم شـارە، چونکە کەرکوک شاری برایەتی و پێکەوەژیانـە و بـە کـورد و تورکمان و عەرەبە رەسـەنەکەی بەڕێوە دەچێـت و پێویسـتی بـەوە نییـە کەسـی دەرەکـی بێت و رێنمایی بکات و رێوشـوێنی پیشان بدات، چونکـە لـەم شـارەدا ئەنجومەنـی پارێـزگا هەیـە و لیسـتی برایەتـی هەیـە کـە زۆرینەیـە، لەگـەڵ ئەوەشدا دەبێت کارەکان لەسـەر بنەمـای تەوافوقی نێوان هەمـوو لایەنـە کوردسـتانییەکان بێـت. ئەمـە لـە کاتێکـدا ئـەوەی لـە ئێسـتادا لـە کەرکـوك روودەدات، دوورە لـە هەمـوو رێککەوتـن و هەمـوو بنەما دەستوورییەکان، بە تایبەتی ماددەی ١٤٠.

*** بـەڵام لەنـاو تورکمانەکانیشـدا ناکۆکـی لەسـەر پرسـی کەرکـوك هەیـە و هەندێك لایەنـی سیاسـی بەتایبەتـی بـەرەی تورکمانـی رەنگـە رایەکـی جیاوازیـان هەبێـت، خوێندنـەوەی ئێـوە بـۆ ئـەم حاڵەتـە چییـە؟**

- مـن دەمەوێـت ئامـاژە بـەوە بکـەم کـە تەنانـەت ئـەو کەسـانەی بـە تێڕوانینێکـی سیاسـیی دیاریکـراو لـە دۆخەکـە دەڕوانـن، ئێسـتا ئەوانـە خۆشـیان نیگەرانـن لـە رەوشـەکە، بۆیـە لـەم روانگەیـەوە مـن داوا دەکـەم کـە ئـەو خەڵکانـەی نیگەرانـن و ئـەو خەڵکانـەی ناتوانـن لـە کەرکـوك بژیـن و هەروەهـا لایەنـە کوردسـتانییەکان، ئێمـەش وەك پارتـی گەلـی تورکمـان هـەوڵ و کۆشـش بکەیـن، داوا بکەیـن کـە رەوشـی کەرکـوك ئاسـایی بکرێتـەوە و ئـەو هێـزەی ئێسـتا بـەو قەبارەیـە لـە نـاو کەرکووکـدان لـەو شـارەدا نەمێنـن.

*** باشـە کـە ئەمـە رەوشـی شـاری کەرکـوك**



کار گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە ئەگەر هاووڵاتییەکی ئاسایی ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرزی هەبێت، ناتوانێت بەکاری بهێنێت، چونکە لێی زەوت دەکەن و دەیبەن

نە خەڵک و نە حزبە سیاسییەکان ناتوانن بە چەشنی پێش رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کار و چالاکیی ئاسایی خۆیان لە کەرکوك ئەنجام بدەن

چەندین کەسایەتی و خەڵکی بێلایەنی تورکمان دوچاری رفاندن و کوشتن بوونەتەوە و بە بێ بوونی بڕیاری دادگا هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵەکانیان و بە بێ هیچ پەراوێکی لێکۆڵینەوە لە ماڵەکانی خۆیان بردوویانن و تا ئێستاش بێسەروشوێنن



**بێت کە ئێوە بە زیندان و بە سەربازگەیەکی گەورە وەسفی دەکەن، چۆن دەکرێت لەم ڕەوشە نائارام و ناسەقامگیرەدا هەڵبژاردن بکرێت؟ ئایا ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەم شارەدا چ مانایەکی دەبێت کە ئازادی نەبێت و نەتوانرێت جموجۆڵی سیاسی ئەنجام بدرێت؟**

- ئێمە هیواداریـن کە ئارامی و سەقامگیری و پێکەوەژیان بۆ خەڵکی کەرکووك و بۆ ئەو شارە بگەڕێتەوە، دواتر لە سەروەختی هەڵبژاردندا کاتێك خەڵك بەرەو سندوقی دەنگدان بەڕێ دەکەوێت، نابێت تانك و زرێپۆش ببینێت، واتە دەبێت کەشێکی ئازادی و مەدەنی و دیموکراتی بۆ خەڵکەکە فەراهەم بکرێت، نەك هێزێکی گەورە لەبەردەم بنکەکانی دەنگداندا بەدی بکات، چونکە ئەو کاتە پرۆسەکە دەبێتە پرۆسەیەکی ناچاری. لەبەر ئەوە تەنانەت ئەگەر خەڵك بەشداری لە هەڵبژاردنیشدا بکات، ئەوا متمانەی بە پرۆسەکە نابێت، چونکە بوونی ئەو هەموو چەك و هێزە کە لە شارەکانی بەغدا و خوارووی عێراق هێنراون، نیگەرانییەکی زۆریان لای لایەنە سیاسییەکان و تەنانەت هاووڵاتییە ئاساییەکە دروست کردووە.


*** بەڵام سەرەڕای ئەو ڕەوشە نائاساییە، هەوڵ دەدرێت یاسایەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکووك دەربکەن. ئێوە وەکو لایەنێکی تورکمانی پێتانوانییە ئەم هەوڵ و ڕەفتارانە دۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات؟**

- بە کورتی کەرکووك پێویستی بەوە هەیە بە تەوافوق و بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

*** باشە ئێوە ناتوانن لە ڕێی دانیشتن لەگەڵ نوێنەری وڵاتان و لە کونسوڵگەرییەکان باس لەو دۆخە بکەن و فشارێك دروست بکەن بە ئاراستەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك؟**

- ئێمە دیدارمان لەگەڵ هەموو کونسوڵگەرییەکان و لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە و باسی دۆخی مرۆیی خەڵکی کەرکووکمان و ڕەوشی ئاوارەکانمان کردووە و داوای ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی ئەو شارەمان کردووە، بۆ ئەوەی خەڵکی ژیانی ئاسایی خۆی بەسەر ببات لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئیدارییەوە.

# رۆڵی هەرێمی کوردستان لە ئایندەی ناوچەکەدا



مەیادە محەمەد نەجار
سەرۆکی رێکخراوی ئاریانا بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەگەر تێڕامانێك بۆ رەوشی ئێستای عێراق بکەین، دەبینین کە عێراق بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە رووبەڕووی گۆڕانکاریی گەورە دەبێتەوە. ئەوەی جێگەی تێبینییە رۆڵی هەرێمی کوردستانیش لەم هاوکێشە نوێیەدا زۆر بەهێزتر دەردەکەوێت، بەتایبەتی کاتێك هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێزدار (نێچیرڤان بارزانی) زۆر سەرکەوتووانە بەرەنگاری هەموو هەوڵی نەیارانی هەرێمی کوردستان بووە، بە جۆرێك هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆکی حکومەت کاریگەری گەورەی لەسەر تێڕوانینی جیهان بۆ پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەرێم دروست کردووە، لە ئێستادا جیهان گوشارێکی زۆر دەخەنە سەر عەبادی بۆ خەرجکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم، هەرچەندە تا ئێستاش حکومەتی عێراق دانی بەم راستییەدا نەناوە، بەڵام گوشارەکانی وڵاتانی جیهان حکومەتی عێراقی ناچارکردووە کە هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکان بنێت، بە جۆرێك لەئێستادا عەبادی ناچارە لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە هەمیشە جەخت لەسەر بەردەوامیی گفتوگۆکان و هەوڵی بەردەوام بۆ رێکاری لیژنەکانی چارەسەرکردنی پرسی تایبەت بە فڕۆکەخانەکان، بودجە و بابەتەکانی تر بکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە وڵاتانی جیهانی دەیەناوێت لەو گفتوگۆیانەی ئێستا لەنێوان هەولێر و بەغدا بەڕێوە دەچن، رۆڵی خۆیان هەبێت و هیچ نەبێت بۆ لە یەکتری نزیك کردنەوەو دووبارە بنیادنانەوەی هەنگاوەکان، لەلایەکی ترەوە هەست بەوە دەکرێت حکومەتی بەغدا ناچارە لەم کاتەدا گفتوگۆ لەگەل هەرێمی کوردستان بکات و بە لێکدانەوەی دۆخی سیاسیی ناوچەکە و چاودێرانی سیاسی، دەکرێت ئێستاو لە قۆناغی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن، کە چاوەڕێ دەکرێت بەغدا نەرمی بنوێنێت، لەلایەکی تریشەوە زۆر لەهێزە هەرێمییەکان دەیانەوێت گفتگۆکانی نیوان هەرێم و بەغدا سەربکەون، چونکە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو دۆخی ناوخۆی ئێران و خۆپیشاندانەکان، کاریگەرییان لەسەر دانوستانەکان دەبێت و وادەکەن هەنگاوەکانی لێك نزیکبوونەوە بە خێرایی بچنە پێشەوە، لێرەشدا زۆر گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمجارە بە سیاسەتێکی نوێ بچێتە ناو گفتوگۆ و دانوستانەکان. هەروەها یەکدەنگیی کورد گرنگییەکی تری قۆناغەکەیەو پێویستە کورد ناوماڵی خۆی رێکبخاتەوە. واتە پێویستە کورد ئەم هەلە لەدەست نەدات و بە سیاسەتێکی نوێوە هەوڵی جێگیرکردنەوەی پێگەی هەرێم لە سیاسەتی ناوچەکە بدات و هەرێم بە سیاسەتێکی نوێوە بچێتەوە گۆڕەپانی دانوستانەکان.

کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس

بەشداریکردنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێزدار (نێچیرڤان بارزانی) لە کۆبوونەوەی کۆڕبەندی جیهانی ئابووری کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت، چونکە لە رووی ئابوورییەوە کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس باشترین لێکتێگەیشتنی ئابوورییە لەسەر ئاستی جیهان، چونکە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی لە داڤۆس، بە بەشداریی نزیکەی هەزار و سەد کەسایەتی دیاری جیهان و سەرۆکی وڵات و حکومەتەکان، وەزیری دارایی و بازرگانیی وڵاتان، بزنسمان و کارگێڕی کۆمپانیا گەورەکان، بەڕێوە دەچیت، ئەمە بێجگە لەوەی کە کۆڕبەندی ئەمسال گرنگییەکی زۆر زیاتری لە ساڵانی پێشتر هەبووە، لەبەر ئەوەی بە دروشمی "دروستکردنی ئایندەی هاوبەش لە جیهانی پڕ کێشە» دەستی بەکارەکانی کرد .

بەتایبەتی بەشداری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێزدار (نێچیرڤان بارزانی) لەم کۆڕبەندەدا کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبووە لە ئاراستەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و توانی ئەو راستییە بسەلمێنێت کە هەرێمی کوردستان لە رووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئاستی جیهان هەبێت، لەلایەکی ترەوە بەشداریی سەرۆکی حکومەتی هەرێم هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ لێك تێگەیشتن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکەکانی بەشداربووی جیهان لە ئاستی جیاواز بۆ دروستکردنی روانینێکی هاوبەش بە مەبەستی باشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەل وڵاتانی جیهان.

# گەمەی دژایەتیکردنی کوردستانییان بەرەو دەوڵەتبوونمان دەبات



ڕێباز عوسمان – سلێمانی
تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

گەلی کورد لە ریفراندۆمدا بۆ هەموو دنیا سەلماندی کە گەلێکی ئازاو چاونەترسەو خەبات و شۆڕش و ڕاپەڕینی کردووە لە پێناو سەربەخۆییدا، ئەوەی ئەمڕۆ لەلایەن بەغداو ئەڵقە لە گوێکانی دەگوزەرێ و بە هەموو شێوەیەك سزاو دژایەتی نەتەوەیەك دەكرێت، لەگەمەیەكی بێ هیواو كات كوشتن زیاتر هیچی تر نییە، تەنانەت ئەو پارتە سیاسییە كوردستانییانەی چوونە لای عەبادی و ویستیان خەڵكی كوردستان فریو بدەن بەوەی عەبادی بودجەو مووچە دەنێرێت، ئێستاكە ئەوانیش بێدەنگ بوون و ناتوانن پاساو بۆ عەبادی بهێننەوە!

ئەمڕۆ كوردستان جێگایەك نییە جیهانی ئازادیخواز لێی بێدەنگ بێت و پێویستی پێی نەبێت، ژیرێتی سەركردایەتی سیاسیی سەرۆكی حكومەت توانی بۆ جیهان بیسەلمێنێت كە عێراق پایەندی جێبەجێكردنی دەستوور نییە و بەردەوامە لەسەر ئەو عەقڵییەتەی كوردی لێ بێزار بووە، بۆیە داوای سەربەخۆیی دەكات. ئەوەتا پارتە شیعەكان و هەندێك لە پارتە سوننەكانیش دژایەتیكردنی كوردستانیان كردۆتە نەریت و خوویەكی ناشیرین بۆ پڕوپاگەندەكانی هەڵبژاردنەكان، چونكە لەچەند ساڵی ڕابردوودا توانیویانە كۆمەڵگەكانیان فریو بدەن و ئەو ڕۆشنبیرییەیان تێدا نەهێڵن كە لەدنیای پێشكەوتوودا بۆ پێكەوەژیان و لێبوردەیی پێویستە. هەربۆیە عەبادی و پارتە سیاسییەكانی عێراق لە دژایەتیكردنی كورد بەردەوام دەبن تا هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بە كارهێنانی كارتی فشاری زیاتر بۆ دژایەتیكردنی كوردستان، بەڵام لە ئەنجامدا لە هەموویدا شكست دەهێنن، چونكە دژایەتییەكانیان بێ بنەمان و خۆدەرخستنی بەردەم میدیاكانە.

ڕۆژانی داهاتوو دەری دەخات كە ریفراندۆم پڕۆسەیەكی چارەنووسسازی ئەرێنی و سەركەوتوو بووە بۆ گەلی كورد و یەكێك لە هەرە نیشانە زەقەكانی سەركەوتنەكە ئەم دژایەتییەی بەغدایە و ئەو ترسەی كە لێی نیشتووە لە سەربەخۆیی كوردستان و لە ئەنجامە نایابەكەی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی كوردستان و ڕووڕەشی و نەفرەت لە ئەو مێژووەی كە كوردستانی پارچە پارچە كرد و ئێستا بەداخەوە تاكی كورد لەبەر ئەو مێژووە تاڵە هەڵگری ڕەگەزنامەی شەرمەزارییە لە سەر ئاستی جیهان، ئەویش ڕەگەزنامەی عێراقییە كە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بە گومانەوە تەماشای دەكەن. دەبێ تاوانی گەلی كورد چی بێت و تاكەی باجی ئەم هەڵە مێژووییە بداتەوە؟ ئێستا بەغدا گەمەیەكی سیاسیی ترسناك دەكات لە دژی كوردستان، بەڵام دواجار شكستی خۆی بەدەستی خۆی رادەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی گەلی كورد هەمیشە وەك لوتكەی شاخەكانی ورەبەرزە و وەك بەرد ڕەقە لەسووربوونی و داكۆكی لە مافە ڕەواكانی خۆی. بۆیە بە دیالۆگی ئاشتییانە لەگەڵ بەغدا دەڕۆین تا هێڵی كۆتایی، كە نەگەیشتینە ئەنجام، سەربەخۆیی ڕێگای ڕووناكی و بژاردەی سەركەوتنمان دەبێت، بۆ ئەوەی ببینە دوو دراوسێ و چیتر بژاردەی دیكە نابێ بۆ بەغدا و هیچ بیانوویەكی نابێ بۆ مانەوەی كوردستان لەگەڵ بەغدایەكی فرەكوێخادا. ئەوەی ئێستا دەیكات لە دوای بیانوو دۆزینەوەی ڕۆژانەیە دژی كوردستان، هەر ڕۆژەو بیانوویەكیان هەیە و ئەوەش تەنیا بۆ كات كوشتنیانە تا كاتی هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چونكە سەرۆك وەزیرانی عێراق عەبادی شكستی تەواوی هێناوە لە بەغدا لەگەڵ عەرەبەكان و لەگەڵ كوردستان و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا هەموو كات زۆر دەڵێت و زۆر پەیمان دەدات، بەڵام جێبەجێی ناكات. بۆیە متمانەی وەك سیاسییەك نەماوە و حكومەتەكەی حكومەتێك بوو بۆ دژایەتی هاونیشتمانییانی خۆی بە كورد و سوننە و مەسیحی و ئێزیدی و ئەوەی دوای ئەویش كە دەبێتە سەرۆك وەزیران، ئەگەر عەرەب بێت دڵنیام لەو باشتر نابێت، بۆیە مانەوەمان لەگەڵ عێراق، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئەستەمی و مەحاڵی دەچێت.

قوناغی ئازار و ناخۆشی و نەهامەتییەكانی بەرەو دەوڵەت بوونمان زۆر تێپەڕاندووە، ئەوەی كە ماوە لەدایكبوونی دەوڵەتە كوردییەكەیە بە پاڵپشتی كوردستانییە دڵسۆزەكان و دەبێت دڵی هەموو تاكێكی كورد وەك باوك و دایكێك بێت كە بە پەرۆشی چاوەڕێی لەدایكبوونی منداڵێكی لەش ساغ و جوان دەكەن. ئێمە ئەمڕۆ لە قۆناغی چاوەڕوانیداین بۆ لەدایكبوونی دەوڵەتێكی ئاشتیخواز و سەركەوتوو لە ناوچەكەدا، دەبێت هەموومان گەشبین و پڕ لە هیوا بین بۆ كوردستانەكەمان.



جۆن تیرمان

پسپۆڕی بواری تیرۆریزم بۆ گوڵان:

# ئەو ڕێگاچارەیەی تا ئێستا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم گیراوەتەبەر کارا نەبووە

**جۆن تیرمان خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستی سیاسی کە لە زانکۆی بۆستن بەدەستی هێناوە، لە ساڵی ٢٠٠٤وە بەڕێوەبەری جێبەجێکار و توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە ئامۆژگای تەکنیکی ماساشوسێتس، توێژینەوە لە چەند بوارێکی گرنگ دەکات، وەك چارەسەرکردنی ناکۆکی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پەنابەران و کۆچبەران، سیاسەتی دەرەکی، پرسی تیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ. پێشتریش بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دامەزراوەی وینستۆن بۆ ئاشتیی جیهانی بووە کە هەوڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بواری بەرگرتن بە جەنگی ناوکی و پەرەپێدانی چارەسەری ناتوندوتیژی بۆ ناکۆکی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و چەند پرسێك بوونە تەوەری دیمانەکە، وەك پرسی ئەگەری هاتنەئارای سەقامگیری لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش و شرۆڤەکردنی ئەو پەرەسەندن و هەڵکشان و پێشهاتانەی بەم دواییە لە ناوچەکەدا هاتنەئاراوە، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** هەروەك دەزانن ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گیرۆدەی چەندین کێشەو ئاڵۆزی و تەحەددیی درێژخایەنە، بەم دواییەش بارودۆخەکە پەرەسەندن و هەڵکشانی زیاتری بەخۆوە بینی، وەك ئەوەی لە سووریادا بەدی دەکرێت، چۆن لە کۆی بارودۆخەکە دەڕوانن و چ شرۆڤەیەکتان بۆی هەیە؟ سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بە تێڕوانینی من لە ئێستادا ئەوەی پەیوەندی بە دۆخی سووریاوە هەبێت، ئەوا لە کاتێکدا کە ئەمریکا هێزی جێگیر کردووە لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا، بەڵام خواستی ئەمریکا ئەوەیە کە بەردەوامیی بە پەیوەندییەکی باش بدات لەگەڵ تورکیا- کە هەروەك دەزانن لە ئێستادا تورکیا سەرقاڵی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە بۆ سەرکوتکردنی خواست و ویستی کورد لەو وڵاتەدا-، چونکە ئەمریکا ترسی هەیە لەوەی بارودۆخەکە بە چەشنێك پەرە بستێنێت کە سەربکێشێت بۆ دروستبوونی ناکۆکی لەگەڵ تورکیادا کە ئەندامی ڕێکخراوی ناتۆیە. هەروەها نیگەرانی ئەوە هەیە کە بوونی ئەمریکا لەو وڵاتەدا ببێتەهۆی دروستبوونی ناکۆکی لەگەڵ ئێرانیشدا، کە زۆر کەس لە ئەمریکا باوەڕیان وایە کە بوونی ئەمریکا لە سووریادا بۆ دروستکردنی هەندێ فشارە لەسەر ئێران لەو وڵاتەدا، ئەویش لە ڕێی بڕینی ئەو ڕێڕەوە وشکانییەی کە درێژ دەبێتەوە بۆ دیمەشق. بەڵام ئەوەی لەم ڕووەوە دەتوانم بیڵێم، ئەوەیە کە ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە ماوەتەوە، چونکە کەس نازانێت کە ڕەوتی ڕووداوەکان بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕۆن. لەبەر ئەوەی ئیدارەی ترەمپ گوزارشتی لە هۆکاری هێشتنەوەی ئەم هێزانە نەکردووە، هەروەها باس لە ژمارەی جیاوازی ئەو هێزانەش دەکرێت کە جێگیر کراون لەو وڵاتەدا. کەواتە ئەمە یەکێکە لە نیگەرانییە سەرەکییەکان بۆ ئێمە. کە ئێستا ئێمە دەبینین بارودۆخی سووریا بەرەو خراپتر دەڕوات.

*** ئەی چۆن لە بارودۆخی عێراق دەڕوانن، کە ئێمە دەزانین لەم وڵاتەدا ڕەوشە ئەمنییەکە و هەروەها پرۆسە سیاسییەکەش گیرۆدەی چەندها گیروگرفتن؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا ئاشکرایە کە هەوڵەکانی بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی پشتیوانییەکی گەورەی لێناکرێت لەلایەن ئەمریکاوە، ئەمەش هەڵوێستێکە کە لە ڕووی مۆراڵییەوە ناتوانرێت بەرگری لێبکرێت. بەڵام هەرچۆنێك بێت، پێناچێت لە ئێستادا ئەمریکا لە پێگەیەکدا بێت کە هاوکارییەکی زۆر پێشکەش بە عێراق بکات.

**ئەمریکا دەتوانێت ڕۆڵێکی پتر بنیادنەر ببینێت ئەگەر بتوانێت کارێک بکات کە سعودیە دەست لە بۆردومانکردنی وڵاتی یەمەن هەڵبگرێت**

*** وەك کەسێکی شارەزا لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا دەمانەوێت پرسیاری ئەوەت لێبکەین، ئایا چۆن لە شەڕی دژ بە داعش دەڕوانیت، یان با بڵێین ئایا بۆچی لە سەروەختی کۆتاییهاتنی ئەم شەڕەدا پێدەچێت چەندین ناکۆکی و شەڕ و ئاڵۆزی دیکە هاتبێتنەئاراوە و بۆچی وا دەرناکەوێت کە کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە سەقامگیری بە دوای خۆیدا بهێنێت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە بەرەنگاربوونەوەی

ئەوەی پێی دەوترێت گرووپە جیهادییەکان، ئەوا پێناچێت لەم رووەوە توانرابێت دەرئەنجامێکی خوازراو بەدەست بهێنرێت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئێمە لە حاڵەتی ئەفغانستان بڕوانین، هەروەها ئەگەر لە حاڵەتی عێراقیش ورد ببینەوە لە دوای داگیرکردنیەوە لەلایەن ئەمریکاوە لەساڵی ٢٠٠٣دا، ئەوا روون دەبێتەوە کە ئەو گرووپە رادیکاڵە توندوتیژانە توانیویانە خۆیان رێکبخەنەوە و دووبارە دەربکەونەوە، ئیدی لە سایەی سەرکردایەتییەکی دیار، یان ناوێکی نوێدا بێت، یاخود لە سێبەری ئایدیۆلۆژیایەکی جیاوازدا. لەم روانگەیەوە دەتوانم بڵێم کە ئەو بانگەشانەی باس لەوە دەکەن کە داعش بە تەواوەتی تێکشکێندراوە، بەلای منەوە بانگەشەیەکە کە گەشبینییەکی زیاد لە پێویستیان پێوە دیارە. لەم سۆنگەیەوە پێموایە پێویستە گفتوگۆیەك لە نێوخۆی ئەمریکا و لە نێوان ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە، هەروەها چەند وڵاتێکی ئەوروپاشدا ئەنجام بدرێت لەبارەی پێویستی هەموارکردنەوە، یان چاکسازیکردن لە رێگاچارەی سەربازی بۆ تێکشکاندن و سەرکوتکردنی گرووپە رادیکاڵ و توندوتیژەکان، لەبەر ئەوەی ئەم رێگەچارەیە کارا نەبووە. لەلایەکی دیکەوە دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە بە شێوەیەکی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پشتیوانیمان لە هەندێ لە رێکخراوە رادیکاڵەکانی نێو سووریا کردووە کە لە شەڕدا بوون لە دژی رژێمەکەی ئەسەد. کەواتە لە میانەی گرتنەبەری ئەم رێگاچارە و ئەم سیاسەتەدا بەڵگەگەلێکی زۆر لەبەردەستدا نییە بیسەلمێنن کە پیادەکردنی شێواز و رێکاری سەربازی رێگاچارە و چارەسەرێکی درێژخایەن بێت بۆ ئەو توندوتیژییەی لە سووریاو عێراقدا بە زۆری دژ بە خەڵکانی مەدەنی ئەنجام دەدرێت. کەواتە ئەمە ئەو خاڵە سەرەکییەیە کە من دەمەوێت لەبارەی ئەوەی پێی دەوترێت شەڕی دژ بە داعش بیخەمەڕوو. لە ئێستاشدا بارودۆخەکە لەرزۆکە لە سووریادا و من قەناعەتم بەوە نییە کە ئیدارەی ترەمپ ئەو رێگاچارەیە بگرێتەبەر کە سەربکێشێت بۆ ئایندەیەکی سەقامگیری و پڕ لە ئاشتی لەو وڵاتەدا، لەبەر ئەوە ئێمە بۆ ساڵانێکی دیکەش رووبەڕووی پشێوی و ناسەقامگیری دەبینەوە لەو وڵاتەدا.

*** ئەو دەرئەنجامەی لە وەڵامەکەتەوە دەتوانین بەدەستی بهێنین، ئەوەیە کە پێتوایە سیاسەت و ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی گرووپە رادیکاڵە توندوتیژەکان کارا نەبووە و بگرە سەرکەوتنێکی کاتی و کورتخایەنیان بەدەست هێناوە، ئایا هۆکارەکە ئەوە بووە کە رێگاچارە سەربازییەکە هاوشان نەبووە بە چارەسەری سیاسی و گرتنەبەری هەوڵەکانی سەقامگیرکردنەوە و ئاشتەوایی و.. هتد؟**

- لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا چەند قۆناغێك هەن، کە سەرەتا کار لەسەر گرتنەبەری رێگاچارەی سەربازی و بەکارهێنانی هەوڵە هەواڵگرییەکان دەکرێت، بەڵام دواتر دەبێت هەوڵ و کۆششێکی چڕی دیپلۆماسی بخرێتەگەڕ- کە عێراق و سووریا دوو حاڵەتی بەرچاون کە ئەمەیان تێدا رووینەدا-، لەگەڵ کارکردن بۆ بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوە، کە دەبێت ئەمەش بە چەشنێك بێت کە هاوکاریی خەڵکە ئاساییەکە بکات، نەك بە شێوازێك ئەنجام بدرێت کە ببێتەهۆی دەوڵەمەندکردنی نوخبە سیاسییەکەی وڵاتەکە. ئەوەی پەیوەندی بە کۆمەڵگە سەقامگیرەکانیشەوە هەبێت کە توانیویانە مرونەتیان هەبێت لە ئاست ئەم گرووپانەدا، ئەوا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم کۆمەڵگەیانە توانیویانە ژێرخانی کۆمەڵایەتی و ماددی وڵاتەکەیان بە چەشنێك بنیاد بنێن کە هاوکاری و یارمەتی دەستەبەر دەکات بۆ خەڵکە گەنجەکە، واتە ئەوانەی دەبنە نێچیری ئەو گرووپە رادیکاڵانە، کە هەوڵ درا ئەمە لە ئەفغانستاندا ئەنجام بدرێت، بەڵام هەوڵەکان زۆر بە باشی بەڕێوە نەچوون. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە لە گۆڕانکاریدایە، رەنگە نەتوانم حوکمی لەبارەوە بدەم، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەمریکا پابەندبوونێکی درێژخایەنی نییە بە چارەسەرێکی ناسەربازی بۆ ئەو کێشە و ناکۆکییانە، یان بۆ دەستەبەرکردنی هاوکاری بۆ پرسی بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەوە کە لە ئاستی پێداویستیی خەڵکەکەدا بێت و خەڵکەکە خۆیان خاوەنداریێتی پرسی ئاوەدانکردنەوە بکەن. مەبەستم ئەوەیە من پێم باشە ئەمریکا لەم رووەوە وەك هاوبەشێك کار لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکات، کە ئەمە مومکینە لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی حکومەتێکی هەڵبژێردراوی هەیە، بەڵام ئەمە کارێکی سەختە لە سووریا، لەبەر ئەوەی رەوشێکی سەربازی پڕ لە توندوتیژی و ناسەقامگیر باڵی کێشاوە بەسەر ئەو وڵاتەدا.

**زەحمەتە بتوانین گەشبین بین لە ئاست دۆخی عێراق، یان رەوشی سووریادا لە ماوەی نەوەی داهاتوودا، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئەم دوو وڵاتە بتوانن رێگاچارەیەک بگرنەبەر بۆ سەقامگیرکردنەوەی دۆخەکە و بۆ دابەشکردنی یەکسانی سەرچاوە و داهاتەکان و رێکخستنەوەی سیستمی پەروەردە**

**وڵاتانی ناوچەکە، وەک عێراق و تورکیا هێزی سەربازی و سەرچاوەیان لەبەردەستدایە و دەتوانن لەبارەی رۆڵی ئێرانەوە لە ناوچەکەدا بڕیار بدەن**

*** کەواتە ئەگەر بەم شێوازە کار بکرێت و ئەگەر هەموارکردن لە پرسی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا نەکرێت، ئایا سەرهەڵدانی گرووپی توندڕەوی دیکە لە ئایندەدا نابێتە شتێکی حەتمی؟**

- ئەگەر ئێمە لە بارودۆخی سووریا و عێراقیش بڕوانین- بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا ڕوویدا لەم وڵاتانەدا- ئەوا دەبینین گەنجانی ئەم وڵاتە خۆیان لە وڵاتێکدا بینییەوە کە گرفتاری دەستی شەڕ و توندوتیژی و بێبەشی و نەبوونی ژیانێکی ئاسایی بووە، کە ئەم هەلومەرجەش کاریگەریی گەورە و قووڵی هەبووە لەسەر خەڵکی ئەم وڵاتانە- بە زۆری چینی گەنجان- لەبەر ئەوە زۆربەی گەنجان دڵسۆزی و وەلائیان بۆ حکومەتەکەیان نییە، یاخود لەگەڵ دەستێوەردانی ڕۆژئاوادا نین، بەڵکو کەمەندکێش دەبن بەلای ئایدیۆلۆژیای ئایینیدا، یاخود بانگەشەکانی پەیوەست بە پاراستنی کۆمەڵگە لە دەستتێوەردان و پێشێلکاریی ڕۆژئاوا، هەموو ئەمانەش هۆکارن بۆ ئەوەی دەست بدەنە کار و کردەوەی ڕادیکاڵ و توندوتیژانە. بۆ نموونە ئەو ڕاستییەی کە لە عێراقدا مێژوویەکی دوورو درێژی لە توندوتیژی و ناسەقامگیری و نائومێدیی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئومێد بە ئایندە لای گەنجان هەیە —کە ئەمە بۆ دۆخی سووریاش ڕاستە- کاریگەری خۆیان هەیە لەم ڕووەوە، بۆ نموونە لە سەرەتادا داعش گرووپێکی مەحەلی بوو، کە دواتر بەو شێوەیە بەربڵاو بوو، هەروەها یاخیگەریی سوننەش لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەوەندە بەرفراوان نەبوو. لەبەر هەموو ئەوانە، ئەوا زەحمەتە بتوانین گەشبین بین لە ئاست دۆخی عێراق، یان ڕەوشی سووریادا لە ماوەی ئەوەی داهاتوودا، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئەم دوو وڵاتە بتوانن ڕێگاچارەیەک بگرنەبەر بۆ سەقامگیرکردنەوەی دۆخەکە و بۆ دابەشکردنی یەکسانیی سەرچاوە و داهاتەکان و ڕێکخستنەوەی سیستمی پەروەردە، کەواتە هەموو ئەم هەوڵ و هەنگاوانە پێویستن ئەگەر بمانەوێت خۆمان لە سەرهەڵدانەوە و درێژەکێشان و بەردەوامبوونی ئەو توندوتیژی و ڕادیکاڵیزمەوە بە دوور بگرین، کە لە ماوەی دوو بۆ سێ دەیەی ڕابردوودا ڕوویانداوە.

*** باشە ئەگەر بوونی ئەمریکا لە سووریا و عێراقدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بێت، ئەوا بینیمان بەم دواییە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە یەکێك لە ئامانجەکانی درێژەپێدانی بوونی سەربازی ئەمریکا لە سووریادا بۆ سنووردارکردن و بەرگرتنە بە دەستڕۆیشتوویی ئێران، ئایا تا چەند ئەمە ئامانجێکی واقیعییە و تا چەند ئەمریکا توانا و ئیرادەی بەدیهێنانی هەیە؟**

- ئەوەی لە ئیدارەی ئەمریکاوە بەدی دەکرێت، دووپاتکردنەوەیەتی لەسەر ئەوەی کە ئێران دەستتێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکەدا دەکات، بەتایبەتی لە سووریا و یەمەن و لوبناندا. بەڵام من پێموایە سەرەڕای ئەوەی ئێران ڕۆڵێکی وێرانکار و کاولکاری بینیوە لە سووریادا لە ڕێی پشتیوانیکردنیەوە لە ڕژێمی ئەسەد، بەڵام ئەگەر بوترێت ئێران بۆتە هێزێکی هەژموونگەرا لە ناوچەکەدا، ئەوا پێموایە ئەمە زیادەڕۆوییەکەی گەورەیە لە لێکدانەوەی ڕۆڵی لەو وڵاتەدا. چونکە دەرکەوت پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ حوسییەکاندا ئەوەندە بەهێز نییە، هەروەها پەیوەندیی پتەوی ئێرانیش لەگەڵ حزبوڵا تا ڕادەیەکی گەورە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی کار و کردەوەکانی ئیسرائیلە لە ئاست فەلەستین، هەروەها هەندێ جار کاروکردەوەکانیەتی لە لوبناندا. کەواتە چەندین هۆکار هەن بۆ ئەوەی ئێران بەم شێوەیە چالاك بێت. دواتر پێموانییە پاشەکشەپێکردنی ڕۆڵی ئێران کاری ئەمریکا بێت، مەبەستم ئەوەیە بۆچی ئەمە بەرپرسیارێتی ئەمریکا بێت لە کاتێکدا وڵاتانی ناوچەکە، وەك عێراق و تورکیا هێزی سەربازی و سەرچاوەیان لەبەردەستدایە و دەتوانن لەبارەی ڕۆڵی ئێرانەوە لە ناوچەکەدا بڕیار بدەن. هەروەها من پێموایە ئەمریکا دەتوانێت ڕۆڵێکی پتر بنیادنەر ببینێت ئەگەر بتوانێت کارێك بکات کە سعودیە دەست لە بۆردومانکردنی وڵاتی یەمەن هەڵبگرێت، چونکە ئەوە کاریگەری قووڵتری دەبێت لەسەر سەقامگیری، بەلای کەمەوە لەو بەشەی ئەم ناوچەیەدا، ئەمە بە بەراورد بە هەر کردەوەیەکی سەربازیی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی ئێران. لەم ڕوانگەیەوە من دڵنیم ئێمە پێویستمان بە چارەسەرێکی دیپلۆماسییە، چونکە بە هیچ پێوەرێك ڕێگاچارە سەربازییەکان سەرکەوتوو نەبوون، کە ئەمەش لە ئاست ئێرانیشدا ڕاستە، کە وڵاتێکە لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیدایە.

**سەرەڕای ئەوەی ئێران ڕۆڵێکی وێرانکار و کاولکاری بینیوە لە سووریادا لە ڕێی پشتیوانیکردنیەوە لە ڕژێمی ئەسەد، بەڵام ئەگەر بوترێت ئێران بۆتە هێزێکی هەژموونگەرا لە ناوچەکەدا، ئەوا پێموایە ئەمە زیادەڕۆوییەکەی گەورەیە لە لێکدانەوەی ڕۆڵی لەو وڵاتەدا**

**ئێمە پێویستمان بە چارەسەرێکی دیپلۆماسییە، چونکە بە هیچ پێوەرێک ڕێگاچارە سەربازییەکان سەرکەوتوو نەبوون، کە ئەمەش لە ئاست ئێرانیشدا ڕاستە، کە وڵاتێکە لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیدایە**



د. سۆران ئیسماعیل
سەرۆکی لیژنەی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەوەمان بۆ لایەنە عێراقییەکان دووپات کردۆتەوە کە ناکرێت گرەو لەسەر بەکارهێنانی هێز و سەپاندنی ئیرادە بکرێت

# نادیدەگرتنی داواکاریی کورد لە پرۆژە یاسای بودجەدا هۆکارێک بوو بۆ کەمیی کۆمەکەکان بۆ عێراق

**عەبادی بەردەوامە لەسەر درێژەپێدان بە سزاو گەمارۆ ئاسمانییەکانی سەر هەرێمی کوردستان و کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق و نەناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم؛ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانەو چەند تەوەرەیەکی پەیوەندیدار بە پێشێلکارییە دەستوورییەکانی بەغدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر سۆران ئیسماعیل سەرۆکی لێژنەی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** وەکو سەرۆکی لێژنەی هەرێمەکان و پارێزگاکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تاچەند توانیوتانە هەوڵەکانتان چڕ بکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بەتایبەتی هەڵگرتنی ئەو سزاو پێشێلکارییە دەستووری و یاساییانەی کە عەبادی بەرامبەر هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی سەپاندوونی؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لێژنەی هەرێمەکان پەیوەندیدارە بە کێشەی نێوان هەرێم و پارێزگاکان و رێکخستنی یاساکان؛ لە ئێستاشدا چەند یاسایەکی لەبەر دەستدایە کە دەبوو بەپێی چەند ماددەیەکی دەستووری رێکبخرانایە. ئەوە بوو توانیمان بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەك کار لەسەر دوو ماددەی دەستووری بکەین، کە یەکێکیان ماددەی ١٠٥ی دەستوورە، کە پەیوەستە بە یاسای دەستەی گەرەنتیکردنی مافی هەرێم و پارێزگاکان لە پۆستەکانی حکومەتی فیدراڵی، کە توانیمان ئەم یاسایە دەربکەین. هەروەها توانیمان یاسایەکی دیکە – بە پێی ماددەی ١٠٦ی دەستوور- دەربکەین بە ناوی یاسای دەستەی چاودێریکردنی داهاتەکانی حکومەتی فیدراڵ، ئەمە وێڕای ئەوەی هەمواری سێیەممان بۆ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان کردووە. هەرچەندە ئەم یاسایانە زۆر پەیوەندیدار نین بە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان خۆی یاسای تایبەت بە خۆی دەردەکات، وەك یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، یان یاساکانی دیکە، ئەمە لە کاتێکدا پارێزگاکانی دیکەی عێراق بە یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨ رێکخراون. تا ئێستاش عەبادی لەم رووەوە دەستتێوەردانی نەکردووە، بەڵام لەم دواییەدا لە پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٨ نووسیبووی پارێزگاکانی باکووری عێراق و دواتر پارێزگاکان، ئێستاکە لە رەشنووسی کۆتایی ئاماژە بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کراوەو نووسراوە: (رێژەیەك لە بودجە دیاری بکرێت بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان..). ئەگەر مەبەستیشتان لە جووڵەپێکردنی هێزەکانی عێراق لەو ناوچانەی پێیان دەوترێت ناکۆکی لەسەر، ئەوا ئێمە هەمیشە ئەوەمان بۆ دووپات کردوونەتەوە کە ناکرێت گرەو لەسەر بەکارهێنانی هێز و سەپاندنی ئیرادە بکەن.

*** دوای ئەوەی پرۆژە یاسای بودجە لەناو پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو داواکارییەکانی کورد بە هەند وەرنەگیرا؛ ئایا هەنگاوی داهاتووتان چی دەبێت؟**

- لە راستیدا بە پێی رێوشوێنە دەستووری و یاساییەکان دەبوایە پرۆژە یاسای بودجە لە کۆتایی مانگی ٩ی ٢٠١٧ بگەیشتایەتە پەرلەمان، بەڵام لە کۆتایی مانگی ١١دا گەیشت، هەرچۆنێك بێت ئێستاکە ماوەی سێ مانگە پرۆژە یاسای بودجە لە پەرلەماندایەو پەسەند نەکراوە، ئەو پرۆژەیە یاسایە سێ

**زۆرجار ئەو بەڵێنە بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دراوە کە بەم زووانە فڕۆکەخانەکانی کوردستان دەکرێنەوە، بەڵام تا ئێستا عەبادی ئەم کارەی نەکردووە**

گرفتی سەرەکی تێدا بوو، کە بریتی بوون لە کەمکردنەوەی پشکی کوردو کێشەی پارێزگا بەرهەمهێنەکانی نەوت و ئاوەدانکردنەوەی شارە سوننەکان، ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت پرسی کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستانە لە بودجەکەدا، سەرەتا رێژەی لە ١٢,٦٧٪ دانرابوو، دواتر بە پاشکۆیەك نێردرایەوە، گوایە چاك کراوە، کەچی لەوێشدا بە روونی رێژەکەی دانەنراوە. ئەگەر وردبینی تێدا بکەین، بۆمان دەردەکەوێت رێژەکە وەکو خۆیەتی، لە ئەنجامدا ئێمە گفتوگۆیەکی زۆرمان لەگەڵ لیژنەی دارایی کرد، هەروەها سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆبوونەوەیان کرد و تێبینییەکانی خۆیان دایە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، بەڵام تێبینی و داواکارییەکانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەهەند وەرنەگیران. دواتر داوای ئەوە کرا کە عەبادی کۆبوونەوە و دانیشتن بکات لەگەڵ ئەو سێ لایەنە- کورد و سوننە و پارێزگا بەرهەمهێنەکانی نەوت-، ئەوە بوو چەند بەڵێنێکی دا، بەڵام نەك هەر ئێمە، بەڵکو لایەنەکانی دیکەش متمانەیان بە بەڵێنەکانی نییە، چونکە ئەزموونێکی زۆر هەیە لەگەڵ عەبادی، کە قسەکانی زیاتر بۆ بەلاڕێدابردن و گەمەکردنە بە کات. بەگشتی ئێمە لەگەڵ ئەوەدا بووین و پێداگیریمان لەوەکرد کە نابێت خوێندنەوە بۆ پرۆژە یاسای بودجە بکرێت، تاوەکو داواکاری ئەو سێ لایەنە بە هەند وەرنەگیرێت. ئەوە بوو هەندێك بەڵێنیان بە سوننەکان دا، لە ئەنجامدا سەرۆکی لیژنەی دارایی کە سوننەیە پێشنیاری ئەوەی کرد با خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت، دواتر گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتدا دەکرێت، ئەویش لە پێناوی ئەوەی هەندێ لە داواکارییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. سەرئەنجام دانیشتنی پەرلەمان بە کراوەیی مایەوە، لە پەرلەمانیشدا کاتێك دانیشتنەکان بە کراوەیی بن و ئەگەر رێژەی پەرلەمانتارەکان لە دانیشتنێکدا گەیشتە ١٦٥ پەرلەمانتار دەتوانرێت بەرنامەو کارێکی نوێ دابرێژدرێت، ئەوە بوو لە بەرنامەی کاردا جێگیریان کرد، کاتێك زانییان نیساب تەواوە، ئەمە سەرەڕای هەوڵەکانی ئێمە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی بۆ نەکرێت. بۆ خوێندنەوەی دووەمیش ئێمە ناڕازی بووین و هەوڵماندا نەکرێت، جارێکی دیکە داواکارییەکانی خۆمان پێشکەش کردەوە بۆ ئەوەی بیخەنە بەرنامەی کاری خۆیان. ئێستاکە پێشنیارێکمان کردووە بەوەی دەستەی سێ سەرۆکایەتییەکە- سەرۆك کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك وەزیران- کۆببنەوە و گفتوگۆ بکەن لەبارەی ئەو کێشە و گرفتانەی لە پرۆژە یاسای بودجەدا هەیە. ئەوانیش پێشنیارەکەی ئێمەیان وەرگرتووە لەبارەی ئەنجامدانی ئەو دانیشتنەوە.

**سندوقی دراوی نێودەوڵەتی داوای لە عێراق کردووە لە پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٨دا ١٠ تریلیۆن دینار بۆ کوردستان تەرخان بکرێت، کە بەپێی وردبینی و ژمێرکاری ئەم پارەیە دەکاتە ١٤٪ی بودجەکە**

*** کەواتە دەتوانین بڵێین ئەگەری ئەوە هەیە کە بودجە بێ گوێدانە داواکارییەکانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەناو پەرلەماندا تێپەڕێندرێت، ئەگەر ئەمە روویدا، ئایا کاریگەریی خراپی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا نابێت؟**

- ئێمە مەبەستمان بوو بودجەکە تا دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی وڵاتانی کۆمەکبەخش لە کوێت کە تایبەت بوو بە ئاوەدانکردنەوەی عێراق پەسەند نەکرێت، بۆ ئەوەی نامەیەك ئاراستەی وڵاتانی جیهانی دەرەوە بکەین، بەوەی کوردستان بێبەش کراوە و داواکاری و خواستەکانی لەبەرچاو ناگیرێن. واتە هەوڵی ئێمە ئەوە بوو کە عەبادی نەتوانێت لەو کۆنگرەی کوێتدا رایبگەیەنێت کە بودجە پەسەند کراوە، واتە بۆ ئەوەی دوچاری جۆرێك لە ئیحراجی بێت و ئەو پەیامە بە دەرەوە بگەیەنین کە ئێمە رازی نین لەسەر ئەو پرۆژە یاسایەی بودجە هەر لەبەر ئەوەشە کە پەسەند نەکراوە. کە بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوت سندوقی دراوی نێودەوڵەتی داوای لە عێراق کردووە لە پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٨دا ١٠ تریلیۆن دینار بۆ کوردستان تەرخان بکرێت، کە بەپێی وردبینی و ژمێرکاریی ئەم پارەیە دەکاتە ١٤٪ی بودجەکە. هەروەها یەکێك لە هۆکارەکانی کەمیی کۆمەکەکان بۆ عێراق ئەوە بوو کە ئەو لایەنانە ئەو راستییە دەزانن کە کێشە هەیە و دوو پێکهاتەی سەرەکی، کورد و سوننە لەو پرۆژە یاسایەی بودجە رازی نین. واتە دەزانن لە عێراقدا ئەو دوو پێکهاتە سەرەکییە پەراوێز خراون و لە بودجەکەدا داواکاری و تێبینییەکانیان بە هەند وەرنەگیراوە.

**ئێمە مەبەستمان بوو بودجەکە تا دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی وڵاتانی کۆمەکبەخش لە کوێت کە تایبەت بوو بە ئاوەدانکردنەوەی عێراق پەسەند نەکرێت، بۆ ئەوەی نامەیەک ئاراستەی وڵاتانی جیهانی دەرەوە بکەین، بەوەی کوردستان بێبەش کراوە و داواکاری و خواستەکانی لەبەرچاو ناگیرێن**

*** زۆر قسە و باس کراوە لە بارەی ئەوەی عەبادی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەنێرێت، بەڵام تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی کرداری هەڵنەگرتووە، بۆچوونتان لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوەی تا ئێستا عەبادی کردوویەتی ئەوەیە کە ٢٥٠ ملیار دیناری لە بانکێك لە هەولێر داناوە، ئەو بانکەش سەر بە حکومەتی عێراقە، ئەم هەنگاوەشی زیاتر بۆ ئاڵۆزکردنی دۆخەکەیە. چونکە ئەگەر ئەوان نییەتی پاکیان هەبێت، دەتوانن مووچەیەك بنێرن. واتە دەکرا وەك دەستپێشخەرییەك بۆ پیشاندانی نییەتپاکی مووچەیەکیان ڕەوانە بکردایە، تاوەکو لیژنەکانیان خۆیان وردبینییان تەواو دەکرد، بۆ ئەوەی چیتر ئەو پرسە نەکرێتە بابەتی موزایەدەی سیاسی و سزای بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان نەدرێت. من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەمە دووبارەکردنەوەی هەمان سیاسەتی سەردەمی سەدامە، بەڵام بە شێوازێکی جیاوازتر و مەترسیدارتر، چونکە ئێستا سزاکە گشتگیر و هەمەلایەنە، خۆ ئەگەر سزا و سیاسەتەکانی سەدام بەشێکی بەرفراوانی خەڵکی بگرتایەتەوە، ئەوا وەك ئێستا هەموو ماڵێك لە کوردستان بە دەست ئەو سزایەوە دەیناڵاند.

*** هەنگاوێکی مەترسیدارتری حکومەتی عێراق بریتییە لە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی تەعریبکردن لە پارێزگای کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە، بەتایبەتی لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، ئایا ئێوە وەك پەرلەمانتاران دەتوانن لەم بارەیەوە چی بکەن؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەوڵی لەم شێوەیە دراوە، بۆ نموونە لە ناحیەی سەرگەران لە سنووری پارێزگای کەرکوك، کە ئەوە بوو هۆشدارییان دا بە خەڵکی ناوچەکە بۆ ئەوەی چۆڵی بکەن و کار بۆ ئەوە دەکرا ئەو عەرەبانە بگەڕێننەوە ئەو شوێنانە کە کاتی خۆی هاوردە کرابوون و دواتر دووجار قەرەبوویان وەرگرتبوو، قەرەبووی جێهێشتن و قەرەبووی دووبارە نیشتەجێکردنەوەیان. ئێمە لە ڕێی کەناڵی جیا جیاوە هەوڵەکانمان خستەگەڕ و بۆ ئەم پرسە لەگەڵ وەزیری ناوخۆی عێراق قسەمان کردو ئێستا تەعریبەکە لەسەر سەرگەران ڕاگیراوە، بەڵام هێشتا مەترسی لەسەر ئەو شوێنانە ماوە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگەی لێ نەماوە و پاشاگەردانی باڵی بەسەر ئەو ناوچانەدا کێشاوە و مەترسیی تەعریبکردنیان لەسەرە.

*** هەروەك ئاشکرایە کە دۆخێکی نائاسایی و نایاسایی باڵی بەسەر زۆرێك لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا کێشاوە، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ڕەوشی ئەو ناوچانە چییە؟**

- ئەو بارودۆخەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هاتۆتەئاراوە کە دەتوانین بڵێین ئەو ناوچانە داگیرکراون، چونکە ئەگەر داگیر نەکرابن، دەبێت بۆ هەمووان ئازاد بن، بەڵام دەبینین دەست بەسەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا گیراوە لەو ناوچانە، کە هەندێکیان بەدەست حەشدی شەعبییەوەن و ئەوانەشی کە کەسیان تێدا نییە، سووتێنراون، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی پارتی هەڵوێست وەربگرێت، بۆ نموونە کە بڕیاری بەشدارینەکردنی لە هەڵبژاردنەکانی کەرکووك داوە، لەبەر ئەوەیە ئەو شارە بە داگیرکراو دەزانێت. هەروەها من دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە عێراق وەك وڵات و خەڵکی ناوچەیەکی دیکە لە کەرکووك و ناوچەکانی دیکەی ڕوانیوە، هەروەها ئەو قوربانیدان و فیداکارییانەی هێزی پێشمەرگەی لەبەرچاو نەگرتووە بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە هەر لە ساڵی ٢٠٠٣وە تاوەکو شەڕی ئەم دواییەی داعش کە بە دەیان و سەدان شەهیدیشی لەم پێناوەدا بەخشیوە.

*** هەر سەبارەت بە سزاو گەمارۆکانی بەغدا لەسەر کوردستان دیارە پرسی داخستنی فڕۆکەخانەکانی کوردستان بە ڕووی گەشتی ئاسمانی نێودەوڵەتییەوە بە یەکێك لەو سزایانە دادەنرێت کە تائێستا بەردەوامی هەیە، ئایا ئێوەی پەرلەمانتاران لەسەر کۆتاییهاتنی ئەم گەمارۆ ئاسمانییە چیتان کردووە؟**

- ئێمە دەزانین کە لە مانگی ٩ی ٢٠١٧وە گەمارۆی ئاسمانی لەسەر کوردستان دانراوە، دواتر لە مانگی ١٢ بۆ جارێکی دیکە درێژکرایەوە تاوەکو ٢٩ی شوبات. من خۆم پێشبینی ناکەم جارێکی دیکە درێژ بکرێتەوە، هەرچەندە دەبێت لەم ڕووەوە وریا بین، چونکە زۆرجار ئەو بەڵێنە بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دراوە کە بەم زووانە فڕۆکەخانەکانی کوردستان دەکرێنەوە، بەڵام تا ئێستا عەبادی ئەم کارەی نەکردووە.

**ماوەی سێ مانگە پڕۆژە یاسای بودجە لە پەرلەماندایەو پەسەند نەکراوە، ئەو پڕۆژەیە یاسایە سێ گرفتی سەرەکی تێدا بوو، کە بریتی بوون لە کەمکردنەوەی پشکی کوردو کێشەی پارێزگا بەرهەمهێنەکانی نەوت و ئاوەدانکردنەوەی شارە سوننەکان**

**سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆبوونەوەیان کرد و تێبینییەکانی خۆیان دایە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، بەڵام تێبینی و داواکارییەکانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەهەند وەرنەگیران**



**تیژێن دێمیراڵ پێگ**

**شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# ئەمریکا ستراتیژیەتێکی درێژخایەنی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە

**تیژێن دێمیراڵ پێگ پرۆفیسۆرە لە بەشی دیراساتی نێودەوڵەتی و جیهانی لە زانکۆی ئیندیانا- زانکۆی بۆردۆ ئیندیانا پۆلس، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی سیاسی لە هەمان زانکۆی ئاماژەپێکراو بەدەست هێناوە. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات وەك دیراساتی پەیوەست بە ناکۆکی، توندوتیژیی سیاسی، خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان، سەرکوتکاری و مافەکانی مرۆڤ. هەروەها وانەبێژە لە چەند بوارێکی گرنگدا وەك دیراساتی نێودەوڵەتی، سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و توندوتیژیی سیاسی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هۆکارە ریشەیی و درێژخایەنەکانی ناسەقامگیری و نائارامی و سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەو و توندوتیژەکان لەم ناوچەیەدا، لەگەڵ ئەگەرەکانی بەردەم ئایندەی ئەم ناوچەیە، ئەویش بەم شێوەیەی تێڕوانین و شرۆڤەکانی خستەڕوو.**

*** سەرەتا دەمانەوێت بپرسین تێڕوانینت چییە لە ئاست بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و چۆن وەسفی هەلومەرجی ئێستای ئەم ناوچەیە دەکەیت؟ ئایا ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانە چین کە مایەی زۆرترین نیگەرانین و پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوەی بەپەلە هەیە؟**

- ئاشکرایە کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی ناسەقامگیر و نائارام بووە، بەتایبەتی لەدوای داگیرکردنی وڵاتی عێراقەوە لەلایەن ئەمریکاوە کە ئەو داگیرکارییەش سەری کێشا بۆ سەرهەڵدانی شەڕێکی خوێناویی ناوخۆیی لەو وڵاتەدا. کەواتە دەتوانین بڵێین شەڕە ناوخۆییەکان لە وڵاتانی عێراق، سووریا و یەمەن و ئەگەری سەرهەڵدانی کێشە لە لوبناندا بوونەتە هۆی ئەوەی رەوشێکی تاریك باڵ بکێشێت بەسەر ئەم ناوچەیەدا.

*** هەروەك ئاشکرایە کە ئەمریکا رۆڵ و دەستڕۆیشتوویی هەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەندین دەستتێوەردانی کردووە لەم ناوچەیەدا، هەروەك ئەوەی لە عێراقدا کردی کە ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، ئایا هەڵسەنگاندنتان بۆ سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چییە؟**

- لە راستیدا من باوەڕم وانییە کە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا سیاسەتێکی لۆژیکی هەبێت لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها پێموانییە ئەم ئیدارەیە ستراتیژیەتێکی درێژخایەنی هەبێت بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە هەمان شێوە تێگەیشتنێکی زۆریشی نییە بۆ کاروبارەکانی ئەم ناوچەیە.

*** ئێوە کەسێکی شارەزان لە بواری توندوتیژیی سیاسی و نارەزایەتی دەربڕیندا، ئایا چۆن لە رووداوەکانی بەهاری عەرەبی دەڕوانن کە سەرەتا ئومێدی ئەوەیان دروستکرد کە ئەمە سەرەتای شەپۆلێکی بە دیموکراتیکردن بێت لەم ناوچەیەدا، بەڵام دواتر بارودۆخەکە ئاڕاستەیەکی ناهەمواری وەرگرت؟**

- ئەوەی دەتوانم لەم بارەیەوە بیڵێم، ئەوەیە کە لەم وڵاتانەدا — کە بەهاری عەرەبییان تێیدا روویدا- حوکمڕانەکان دەستیان دایە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرەکان، وەك ئەوەی لە بەحرەیندا بینیمان، لەبەر ئەوە پێموانییە ئاڵوگۆڕ بەرەو دیموکراسی ئەگەرێکی بەهێز بێت. من مەزەندەی ئەوە دەکەم کە هاووڵاتییان فشاری زیاتر بکەن بۆ هێنانەئارای دیموکراسی، بەڵام پێشبینی ئەوەش دەکەم کە رژێمەکان لە دوای بەهاری عەرەبییەوە پتر پەنا بۆ سەرکوتکاری ببەن. هەروەها ئەوان دۆخی سووریا و عێراق و یەمەن دەکەنە نموونەیەك بۆ بیرهێنانەوەی هاووڵاتییەکانیان بەوەی چ چارەنووسێك چاوەڕوانی وڵاتەکانیان دەکات ئەگەر بێتو خۆپیشاندانەکان شەڕی ناوخۆییان بە دوادا بێت.

*** ئەگەر هەندێ ورد ببینەوە لە دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا هەندێ جار وا دەردەکەوێت کە کێشە و ناکۆکی و تەحەددییە درێژخایەنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قابیلی ئەوە نەبن کە چارەسەر بکرێن و هەر هەوڵێکیش بۆ یەکلاکردنەوەیان ئاڵۆزیی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی کێشەکانی ئەم ناوچەیە هێندە قورس و دژوارن کە وا دەردەکەوێت نەتوانین بەسەریاندا زاڵ بین؟**

- من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بکەم کە کاریگەرییەکی

**پرسی تایفەگەری خۆی لە خۆیدا کێشەیە، بەڵام ئەم کێشەیە ئاڵۆزتر دەبێت کاتێک لەلایەن هێزە ئیقلیمییەکانەوە وەک ئێران و سعودیە و بەحرەین، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان بەکار دەهێندرێت**

**ئیسلام گرێدراوی توندوتیژی نییە. واتە هۆکارەکانی توندوتیژی لەم ناوچەیەدا بریتین لە سەرکوتکاری، نەبوونی دەرفەت و بوار بۆ گوزارشتکردن لە بەرهەڵستکاریی سیاسی**

گەورەی لەسەر ئەم ناوچەیە جێهێشتووە. هەروەها تاوەکو ئیسرائیل پشتیوانی بکرێت لەلایەن ئەمریکاوە، ئەوا کەمتر ئامادە دەبێت بۆ سازشکردن بۆ فەلەستینییەکان و بۆ دراوسێ عەرەبەکانی. لەلایەکی دیکەوە دەکرێت باس لە رکابەریی نێوان سوننە و شیعە بکەین، کە بۆ چەندین سەدەیە لەئارادایەو بۆتەهۆی دروستبوونی دابەشبوون و جەمسەرگیری کە بە ئاسانی دەتوانرێت بۆ هاندان و هەڵنانی خەڵك بەکار بهێنرێت.

*** یەکێکی دیکە لەو دەرد و کێشانەی ئەم ناوچەیە بە دەستیەوە دەناڵێنێت، بریتییە لە سەرهەڵدان و دروستبوونی گرووپە تیرۆریست و توندڕەوەکان کە بوونە هۆی هێنانەئارای کاولکاری و کوشتارێکی بەربڵاو، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هۆکارە بونیادی و بنەڕەتییەکانی هاتنەئارای ئەم گرووپانە چین و ئایا پێویستە چی بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەیان؟**

- ئەو هۆکارانەی دەتوانم ئاماژەیان پێبکەم بریتیی لە هەژاری، نەبوونی خوێندن و پەروەردە، ئەو کاولکارییەی لە شەڕەکانەوە هاتوونەتەئاراوە، مێژووی دوور و درێژی رژێمە خۆسەپێنەکان کە بواری بەرهەڵستکاری سیاسییان بەرتەسك کردۆتەوە، یان قەدەغەیان کردووە. ئەم هۆکارە بونیادییانە تەنیا لە مەودای درێژخایەندا چارەسەر دەکرێن، ئەویش بە دەستەبەرکردنی گەشەکردن لە ناوچەکەدا.

*** ئاشکرایە کە ئایین و سیاسەت لەم ناوچەیەدا تێکەڵ کراون، پرسیارەکە ئەوەیە ئێوە چۆن لە پەیوەندیی نێوانیان، یاخود با بڵێین لە بەکارهێنانی ئایین بۆ مەبەستی سیاسی دەڕوانن؟ پێتوایە بۆچی توندوتیژی بەو ئاستەی ئێستا باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا کێشاوە؟**

- توێژەران ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ئیسلام گرێدراوی توندوتیژی نییە. واتە هۆکارەکانی توندوتیژی لەم ناوچەیەدا بریتین لە سەرکوتکاری، نەبوونی دەرفەت و بوار بۆ گوزارشتکردن لە بەرهەڵستکاریی سیاسی، نەبوونی خوێندن و پەروەردە، نەبوونی هەلی کار و باری خراپی گوزەرانی خەڵك.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناسەقامگیریی ئەم ناوچەیە دەستتێوەردانی دەرەکییە لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێوە چۆن لەم فاکتەرە دەڕوانن؟ ئایا پێتانوایە هەمیشە هۆکاری ئاڵۆزبوون و قووڵبوونەوەی کێشەکان بووە؟ ئایا ناکرێت هێزە دەرەکییەکان رۆڵێکی بنیادنەر لەم ناوچەیەدا ببینن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە راستە. کە سەرەتای ئەو دەستتێوەردانانەش لە کۆلۆنیالیزمەوە دەستی پێکرد، واتە بە شێوەیەکی گشتی دەستتێوەردانی دەرەکی سوودبەخش نەبووە بۆ وڵاتانی ئەم ناوچەیە. راستە رەنگە هێزە دەرەکییەکان رۆڵیان هەبووبێت لە دروستکردنی ژێرخان و رەخساندنی هەلی کاردا،

**شۆڕشی ئێران و بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕش کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەر ناوچەکە. بە چەشنێک ئەو وڵاتانەی کە بەشێک لە دانیشتووانەکەیان شیعە بوون، نیگەران بوون لەبارەی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی شیعەوە**



بەڵام هۆکارێك نەبوون بۆ هێنانەئارای سەقامگیری لەبەر ئەوەی بوونە هۆی دروستکردنی کەلێن و دابڕان لە نێوان نوخبەی سیاسی و هاووڵاتییاندا.

*** باشە ئەی چۆن لە ڕۆڵ و کاریگەریی ئێران دەڕوانیت لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئایا پێتوایە ئێران بەشێکە لە کێشەکە یان دەکرێت ببێتە بەشێك لە چارەسەر؟**

- گومانی تێدا نییە کە شۆڕشی ئێران و بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕش کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەر ناوچەکە. بە چەشنێك ئەو وڵاتانەی کە بەشێك لە دانیشتووانەکەیان شیعە بوون، نیگەران بوون لەبارەی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی شیعەوە. بە گشتی، دەکرێت بڵێین کە ڕکابەریی ئێران و سعودیە جەمسەرگیریی زیاتری لە ناوچەکەدا دروست کردووە، کە بە ئاسانی دەتوانین ئەمە بەدی بکەن لە شەڕە ناوخۆییەکانی سووریا و یەمەندا. هەروەها من دڵنیا نیم لەوەی بتوانرێت، لە ماوەدای کورتدا، قەناعەت بە وڵاتی ئێران بکرێت بۆ ئەوەی سیاسەتێکی ئاشتەواییخوازی ئیقلیمی بگرێتەبەر.

*** ئێوە لە وەڵامەکانی پێشووتاندا ئاماژەتان بە پرسی تایفەگەری و ڕکابەریی نێوان شیعە و سوننە و ئێران و سعودیە کرد، کە ئاشکرایە ئەمە کێشەیەکی قووڵ و درێژخایەن و ئاڵۆزە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکرێت؟**

- پرسی تایفەگەری خۆی لە خۆیدا کێشەیە، بەڵام ئەم کێشەیە ئاڵۆزتر دەبێت کاتێك لەلایەن هێزە ئیقلیمییەکانەوە وەك ئێران و سعودیە و بەحرەین، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان بەکار دەهێندرێت. لەم ڕوانگەیەوە دەڵێم پێش ئەوەی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە هیچ شتێك بکرێت، دەبێت سەرەتا کاریگەریی ئەم وڵاتانە کەم بکرێتەوە، یان نەهێڵدرێت.

*** دوایین پرسیارمان لەبارەی پێشبینییەکانتانە بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە، ئایا باشترین سیناریۆ چییە و چۆن دەکرێت کاری بۆ بکرێت؟ هەروەها ئایا خراپترین سیناریۆ چییە و چۆن دەکرێت خۆمانی لێ لابدەین؟**

- بەلای منەوە خراپترین سیناریۆ ئەمانە لەخۆدەگرن: لوبنان دوچاری شەڕی ناوخۆ بێت. داعش بەهێز ببێتەوە و شەڕە ناوخۆییەکانی وڵاتانی عێراق و سووریا و یەمەن بۆ ڕۆژگارێکی دوورو درێژ بەردەوام بن. باشترین سیناریۆش ئەوەیە کە شەڕە ناوخۆییەکانی ناوچەکە کۆتاییان پێ بێت، میسر بگەڕێتەوە سەر ڕێگای دیموکراسی، لوبنان لە ڕووی سیاسییەوە بەهێز و سەقامگیر ببێتەوە، ئێران ببێتە ڕژێمێکی دیموکراتی. گفتوگۆی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا دەست پێ بکاتەوەو ئیسرائیلیش وەك دەوڵەت ئیعتیراف بە فەلەستین بکات.


**ڕەنگە هێزە دەرەکییەکان ڕۆڵیان هەبووبێت لە دروستکردنی ژێرخان و ڕەخساندنی هەلی کاردا، بەڵام هۆکارێک نەبوون بۆ هێنانەئارای سەقامگیری لەبەر ئەوەی بوونە هۆی دروستکردنی کەلێن و دابڕان لە نێوان نوخبەی سیاسی و هاووڵاتییاندا**



خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی

# دەستکەوت

## بیرۆکەی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوتدا بە سەرمایەی ٥٢٦ دۆلار دەستی پێکرد



وەرگێڕان و ئامادەکردنی:
لاوێن حەویزی

قوتابیی زانکۆی کوردستان

لەساڵی ١٩٩١ پەرتووکێك بە ناوی دەستکەوت (The Prize) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاوکرایەوە. کە لە لایەن دانییێل یێرگن ئامادە کرابوو، کە کەسایەتیەکی دیار و پسپۆڕی ئابوورییە بەتایبەتی لە بواری نەوتدا. من پوختەی نۆ بەشی ئەم پەرتووکەم وەرگێڕاوە بۆ کوردی کە لە ماڵپەڕی (Environ-mental Science) بڵاوکراوە. مەبەستمە لە رووی فەرهەنگی نەوتەوە خزمەت و دەوڵەمەندتری بکەم. دانییێل یێرگن بەشێوازێکی زۆر سادە دەیگێڕێتەوە کە لە سەرەتادا بیرۆکەی گەڕان بە دوای نەوت هەمووی بە ٥٢٦$ دەستی پێکرد، ئەو پارەیەش تەرخانکرابوو بۆ هەرکەسێك کە توێژینەوەیەك ئەنجام بدات کە دواتر یەکێك لە گەورەترین پیشەسازییەکانی لێ کەوتەوە. «دەستکەوت» پەرت،وکێکە زۆر لە ئەزموونە تاڵ و ناخۆشەکانی تێدا جێ کراوەتەوە، بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینین و هەڵەی پێشوو دووبارە نەکەینەوە. لەکاتێکدا کە کورد کەم ئەزموونە لە بواری نەوتدا، دەتوانین باش لە هەڵەکانیان فێربین و بارودۆخەکان بە قازانجی خۆمان بشکێنینەوە.

### ١

### جۆرج بیسل بە باوکی پیشەسازیی نەوت دادەنرێت

دانیەل یێرگن دەگێڕێتەوە کە لە بنەڕەتدا ئەم پیشەسازیە گەورەی نەوت تەنیا بە « ٥٢٦$» دەستی پێکرد. ئەم بڕە پارەیە بۆ توێژینەوەیەك تەرخانکرابوو کە بێنجامین سیلیمان ئەنجامی دابوو بۆ باشترکردنی باری دارایی خۆی. سیلیمان داهاتی مانگانەی کەم بوو، لەو کاتەشدا بەدەستهێنانی پارەیەکی باش ئاسان نەبوو. مووچەی پرۆفیسۆرییشی پێداویستیەکانی دابین نەدەکرد. بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، توێژینەوەیەکی لەگەڵ تیمێکی وەبەرهێنان بە سەرۆکایەتی جۆرج بیسڵ قبووڵ کرد، ئەو پیاوەی کە یێرگن بە باوکی پیشەسازیی نەوتی دادەنێت.

تیمە وەبەرهێنەرەکەی بیسڵ هەوڵی دەدا کە ڕێگایەك ببینێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن سەرچاوەیەکی سووتەمەنیی گونجاو بدۆزنەوە لە بەردی نەوتی(oily rock). کە ئەو ماددە نەوتییە رەشە کە لە کانیاوی گردەکانی پنسیلڤینیا دۆزرابوونەوە. بنجامین راسپاردرا کە ئەم ناوە بپشکنێ و روونی بکاتەوە کە ئایا ئەم ماددانە لە توانایاندایە شلەمەنی رووناککەرەوەیان لێ بەرهەم بهێنرێ؟ بێنجامین پشکنینی ئەنجامدا، بەڵام رازی نەبوو ئەنجامەکانی بڵاوبکاتەوە، تاوەکو بەلایەنی کەم ١٠٠$ پێشەکی نەدرێتێ.

ئەو پارەی کە سیلیمان بەڵێنی پێدرابوو لە ساڵی ١٩٩١ بە ٥٠٠٠$ دەخەملێندرا، کە بەهاکەی زۆر زیاتر بوو لە بەهای زێڕ. بە کوڵاندنی بەردی نەوتی، دەتوانرێ بۆ چەند بەشێك جیا بکرێتەوە، یەکێك لەو بەشانە ناوی کیرۆسینە (kerosene) یاخود نەوتی سپی، دەکرێت بۆ رووناککردنەوە بەکار بهێنرێت. ئەوەی سیلیمان دۆزییەوە کرداری جیاکەرەوەیە (distilla-tion) کە ئێستا بەکاردێ بۆ جیاکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی بەرهەمەکانی نەوت، وەك جۆرەکانی گازۆلین، کانزا نەوتییەکان و بەرهەمە نەوتیەکانی تر.

پرسیاری دواتر ئەوە بوو ئایا بەردی نەوتی دەتوانرێ بڕێکی باشی لە سەرچاوەکانیدا لێ کۆبکرێتەوە؟ ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کۆمپانیاکان بە شێوازی نوێ بگەڕێن بەدوای نەوتدا، سەرئەنجام ئەو پشکنینانەی کۆمپانیاکان بۆ دۆزینەوەی سامان و دەرهێنانی نەوت لە زەویدا ئەنجامیان دەدا، بووە هۆی بەرەوپێشچوونی پیشەسازیی نەوت. بەڵام لە سەرەتادا هەڵکۆڵینی زەوی بە شێوازێکی زۆر سادە بووە. یێرگن دەڵێت: «بە سوودوەگرتن لە تەکنیکی دەرهێنانی خوێ»، کە هەزار ساڵ پێش ئێستا لە چین داهێنرابوو. هەمان تەکنیکیان بۆ دەرهێنانی نەوت بەکارهێنا.

### ٢

### قۆرخکردنی زانیارییەکانی دۆزینەوەی نەوت لە ئەمریکا دەستی پێکردووە

(سوپرایز) نییە کە قۆرخکردنی زانیارییەکانیی نەوت لە سەرەتای دیتنەوەی نەوتدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستی پێ کردووە، واتا دوای کۆتاییهاتنی شەڕی

ناوخۆ کە بە پاڵپشتی خاوەنکار و رۆشنبیرەکانی تا دەهات بە شێوەیەکی زۆر خێرا دەبووە هێزێکی گەورەی پیشەسازی. بەشی دووەم لە چۆنیەتی دەستبەسەردا گرتنی نەوت لە هەموو جیهان لەلایەن جۆن دی رۆکەفێلەر دەکۆڵێتەوە. رۆکەفیلەر هاوبەش بوو لەگەڵ کلیڤلاند، پالاوگەی نەوتی ئۆهایۆی بە هاوبەشی لەگەڵ ماوریس کلارك هەبوو، دوای چەندین کۆبوونەوە رێك نەکەوتن و رۆکەفێلەر و کلارك هەردوولا بڕیاریان دا کە جیاببنەوە و مەزادێك رێکبخەن لە نێوان خۆیان بۆ پرۆژە و کارە بازرگانییەکانیان، مەزادەکە لە ٥٠٠$ دەستپێکرد و زۆر خێرا بەرزبووە. ماوریس کلارك گەیاندیە ٧٢٠٠٠$. رۆکەفێلەر گەیاندی بە ٧٢٥٠٠$.

دوای ماوەیەکی کورت، رۆکەفێلەر دەستی کرد بە گەورەکردنی پالاوگەکەی بە خێراییەکی زۆر، بەڵام پیشەسازیی نەوت کێشەی خۆی هەبوو، لەوانە: زۆربوونی بیرلێدان لەلایەن خەڵکەوە بە مەبەستی دەوڵەمەند بوون. ئەم کەوانەی خواستن و خستنەڕوو (supply and demand curve) کە لە ئابووریدا خوێندوومە لە قۆناغی ناوەندی، لە جیاتی ئەم کەوانەیە، بیر بکەوە بۆ خستنەڕوو (supply) کە زۆر ئاڵۆزە، یان وێنەیەکی جێگیرنەکراوی دڵ لە ئامێری خوێندنەوەی تریەEKG.

بۆ رزگارکردنی پیشەسازیی نەوت لەم کێشەیە بە شێوەیەکی بنەڕتی رۆکەفێلەر بەرپرس بوو لە گۆڕینی ئەم ماددەیە بۆ زێڕی رەش، بە تێکەڵکردنی بەرهەمهێنان (ئەپستریم) و بەبازاڕکردن و دابەشکردن (داونستریم) بازرگانیی نەوتی قۆرخکرد، رۆکەفێلەر پیشەسازی نەوتی جێگیرکرد و ئەو توانایەی پێ بەخشی کە بە شێوازێکی جێگیرانە نەوت بەرهەم بهێنرێت.

### ٣
### پیشەسازیی نەوت بیرۆکەی کردنەوەی رێڕەوێکی لە کەنداوی سویس هێنایەناراوە

جیهان لە شەواندا پێویستییەکی بەرچاوی بە رووناککەرەوە هەبوو. سەرچاوەکانی پێش بەردی نەوتی جۆرێکی باش نەبوون بۆ مەبەستی رووناککردنەوە، سووتەمەنییەکانی دیکەش لەوانە ئەو غازەی لە گوندەکان بەکاردەهات، گران بوون و مەترسیی تەقینەوەشیان هەبوو. بەڵام نەوت لە توانایدا بوو کە رووناکییەکی باش ببەخشێ. ئەگەرچی فرۆشتنی بە شێوەیەکی جێگیر و قازانجبەخش هەندێك کاری زیاتری پێویست بوو.

کاتێ رۆکەفێلەر هەوڵیدەدا کە ئیمپراتۆریەتە نەوتییەکەی دروست بکات. پێشبڕکێ هەبوو لەنێوان دوو کۆمپانیای دیدا، کە لە رووسیا سەریان هەڵدابوو. رۆسچیلدی جوولەکەکان و نۆبل برایان، (یەکێك لەو برایانە ئەو کەسەیە کە دینامیتی داهێنا) رۆسچێڵدەکان مارکس ساموێلیان ناسی لە لەندەن بە هۆیی فرێد لەی کەوا کاری دانوستاندن بوو لە نێوان خاوەن کەشتی و خاوەن بارەکان. مارکس ساموێل زنجیرەیەکی کەشتی بارکردنی بۆ رۆسچیلد دروست کرد کە هەوڵی ستاندارد ئۆیلی بۆ دەستبەسەرداگرتنی نەوتی جیهانی پووچەڵ دەکردەوە.

مارکس ساموێل بۆ فرۆشتنی نەوتی سپی دەستی کرد بە دروستکردنی تانکیی نوێ بۆ رەوانەکردنی لە نۆکەندی سوێسەوە بۆ ئاسیا، هەروەها دانوستاندنی کرد بۆ کردنەوەی رێڕەوێك لە نۆکەندی سوێسەوە هەرچەندە چەندین هەوڵی ناڕاستەوخۆ درا لەلایەن ستاندارد ئۆیل بۆ رەتکردنەوەی، بەڵام ئەوان پارەیان دا بە کۆمپانیای بەرپرسیار بۆ ئەوەی بڕیارەکانیان لەسەر بابەتەکە بە قازانجی خۆیان تەواو بێ، شێوازێکیان بەکارهێنا کە باوە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە.

لە خوارەوە کورتەیەك لە ڕووداوەکانی نێوان ستاندارد و رۆسچیلد باسکراوە:

کودەتاکەی ساموێل سەرکەوت و تۆمارکرا لە مێژووی کاریدا. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٩٣، ساموێل زیاتر لە ١٠ کەشتی ناردبوو بۆ نۆکەندی سوێس. لە کۆتایی ١٨٩٥، لەو شەست و نۆ کەشتییە بارهەڵگرەی لە نۆکەندی سوێس تێپەڕ ببوون، تەنیا چواریان نەبێ ساموێل خاوەندارێتی نەدەکرد. لە ١٩٠٢، هەموو ئەو نەوتانەی بە نۆکەندی سوێسدا رۆیشتن، لە سەدا نەوەت هی ساموێل و تیمەکەی بوون. دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێت کە ساموێل هەموو کەشتییە بارهەڵگرەکانی لەدوای جۆرەکانی سەدەفی دەریا ناو ناوە.

### ٤
### ئۆتۆمبێل داهێنانێکی دیکەی پیشەسازیی نەوتە

لەم بەشەدا، باس لەو گۆڕانە گەورەیە دەکرێت کە لە بەرهەمهێنانی نەوت و بەکارهێنانیدا روویانداوە. یێرگن باس لە داهێنانە بەناوبانگەکەی (گڵۆپ)ی تۆماس ئەدیسۆن دەکات. کە توانی بە سەرکەوتوویی ئامرازێکی کارەبایی دابهێنێ کە رووناکی دەبەخشییەوە لە ساڵی ١٨٧٩، لە ١٨٨٥، ٢٥٠،٠٠٠ گڵۆپ لە سەرتاسەری جیهان هەبوو، لە ١٩٠٢ گەیشتە ١٨ ملیۆن گڵۆپ، ئەو وەبەرهێنە مەزنەی ستاندارد ئۆیل لە دەرهێنان و پیشەسازی نەوتدا کە پارەیەکی زۆری لێ سەرف کرابوو، بە شێوەیەك کە ئەم پارە زۆرەش نەیدەهێشت پێشبڕکێ بکات لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی دیکەی دەرەوەی ئەمریکا، دواتر لە کاتێکی ناوازەدا بەرهەمێکی تری نەوت (گازۆلین) پەرەی بە بواری پیشەسازی نەوت دا، لێرەدا کورتەیەکی باس دەکەین:

لە سەروبەندی ئەگەری کۆتاییهاتنی ستاندارد

**پێش جەنگی یەکەمی جیهان، زلهێزەکانی ئەورووپا (فەڕەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا) ململانێیان دەکرد لەسەر کێڵگە نەوتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە ناوچەی میزۆپۆتامیا، دەستپێکی ململانێیەکە لە لایەن هاوپیرە ئەڵمانییەکان دەستپێکرد کە یەکیان گرتبوو**

**دئارسی رێککەوتنەکەی لەگەڵ شا موزەفەری ئێران واژۆ کرد کە تیایدا ٢٠،٠٠٠ پاوند بە کاش، ٢٠،٠٠٠ بەش، و ١٦ لە سەدای قازانجی بەردەکەوت، دئارسی رێککەوتننامەیەکی بەدەست کەوت کە ٧٥ لە سەدای بۆ خۆی بوو، کە ماوەی شەست ساڵی خایاند**

ئۆیل، ئاسۆیەکیتر بەڕوویدا کرایەوە. عەرەبانەیەك کەوتە بازاڕ پێویستی نەبوو ئەسپ رایکێشێ، پێی دەگوترا ئۆتۆمبیل. کە بە مەکینەیەکی ناوخۆیی کاری دەکرد، کە بە تەقینەوەی گازۆلین لەناو کەناڵە بچووکەکانی دەبووە هۆی جوڵەی ئۆتۆمبیلەکە. دەنگێکی گەورەشی هەبوو، نەشدەکرا بۆ گواستنەوە پشتی پێ ببەسترێ. بەڵام مەکینەی ئۆتۆمبیل کە بە کرداری سووتان کاری دەکرد، پەرەی پێ درا و ئۆتۆمبیل ناوبانگی دەرکرد. دوایی پێشبڕکێی خێرایی پاریس-بۆردوکس-پاریس، کە خێراییەکی ناوازەی هەبوو، ١٥میلی لە کاتژمێرێکدا دەبڕی. ساڵی دواتر یەکەم پێشبڕکێی تراکتۆر لە نیمچە دورگەی ناراگانسێت رۆد ئەنجام درا.

سەرباری نەمانی بازاڕی فرۆشتنی نەوتی سپی، کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا لەبواری نەوت لەسەر کارەکەیان بەردەوام بوون و رێگەیەکی تریان بۆ بازاڕکردن دۆزییەوە. هێنری فۆرد بەڕێوەبەری ئەندازیارەکان بوو، دەستی لە کار کێشایەوە و دەستیکرد بە دروستکردن و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل.

## ٥

## قۆناخی ململانێی کۆمپانیا گەورەکانی نەوت

ئاشکرا بوو ستاندارد ئۆیل لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا لە دۆڕاندابوو. هەروەها خەڵکی ئەمریکا بە گیانێکی بازرگانی ئازاد، دژی قۆرخکاری رۆکەفێلەر هەستانەوە و داوای کۆتاییهێنانی زەبەلاحە گەورەکەیان کرد. بە هۆی چەندین دادگایی پەیوەست بە بازرگانیی نەوت و وەبەرهێنان و قۆرخکاریکردن کە لەلایەن ستانداردەوە ئەنجام درابوو، لێك هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیاکە زۆر روون بوو، رۆکەفێلەر جێگیربوونی ئابووری دەبینی، خەڵکی نابەرابەریان دەبینی لە پێشبڕکێ بازرگانییەکاندا. لەو کاتەدا کە ستاندارد ئۆیل قازانجێکی زۆری دەکرد، خەڵکی ئەمریکا بەرامبەری هەستانەوە، سەرەڕای ئەوەی ستاندارد ئۆیل بەرهەمەکانی خۆی بە نرخی کەمتر لە رکابەرەکانی پێیانی دەفرۆشتەوە.

سەرباری ئەو هەموو هەوڵانە بۆ لێکهەڵوەشانەوەی ستاندەرد ئۆیل، کۆمپانیاکە توانی وەك خۆی بمێنێتەوە و کۆمپانیایەکی نوێ بە نازناوی «ستاندارد ئۆیلی نیو جێرسی»دروست بکات، بەڵام کەسێك یارییەکەی لە ستاندارد ئۆیل تێك دا. خاتوو تاربێل، کە بە «سووتێنەری بەرمیلەکان» بەناوبانگە، رۆژنامەنووسێکی ئاواتەخواز و بە پەرۆش بوو. لەسەر گەندەڵیی سیاسی و بازرگانی دەینووسی، باری دارایی و داهاتە نایاساییەکان و چۆنیەتی قۆرخکردنی هەڵە بازرگانییەکانی کۆمپانیای رۆکەفێلەری ئاشکرا کرد. ئیمپراتۆریەتە مەزنەکەی رۆکەفێلەر کە لە هەموو جیهان کار و پرۆژەی هەبوو، نەیدەتوانی خۆی لەو تۆمەتانە بدزێتەوە. سەرئەنجام لە ساڵی ١٩١١ ئێدوارد وایتبرپاریدای سەرۆك دادگا بڕیاری دا بە کۆتاییهێنان و توانەوەی کۆمپانیاکە.

لە کۆتاییدا، کەمێ شت گۆڕا لە پێکهاتەی کۆمپانیاکە؛ بەشی جیاواز هەبوون، کە بوون بە کۆمپانیای سەربەخۆ. بۆ نمونە: ستاندارد ئۆیلی نیوجێرسی ناوی لێنرا ئێگزۆن، کە کۆمپانیایەکی بازرگانیی ناسراوە لە جیهان. ئەوانی دیکەش ناویان گۆڕدرا و چەندین نازناوی کەیان لێنرا کە لە ئیستادا لە هەموو جیهان بەناوبانگن، وەك: مۆبیل، شێفرۆن، بی پی، ئامۆکۆ، ئارکۆ و سەنکۆ.

## ٦

## گەران بەدوای دۆزینەوەی سەرچاوەی زیاتری نەوتدا

پرۆژەی گواستنەوەی نەوتی تایبەت بە مارکس سامویل کە دواتر بە کۆمپانیای بازرگانی و گواستنەوەی «شێڵ» ناونرا، زۆر ناڕێك بوو، لە شێوەی کەسایەتی دامەزرێنەرەکەی بوو. مارکس زۆر بێباك بوو، هەروەها رێگای هەڕەمەکی و خۆپێدادانی زۆر پێ رێگایەکی باش بوو. لە پەرتووکی «دەستکەوت»دا بەراورد دەکرێت لە نێوان ئەم دوو دژ بەیەکە، لە رووی کەسایەتییەوە، شێوازی کارکردن، کۆکردنەوەی داهات، رێکخستن، هەروەها بەراوردی دەکا لەگەڵ زیرەکی و لێهاتوویی رۆکەفێلەر. هەرچەندە مارکس رێککەوتنی هەبوو لەگەڵ رۆسچیلد، بەڵام رێککەوتنەکە لە ١٩٠٠ کۆتایی پێهات، بۆیە سامویل دەستیکرد بە گەڕان بەدوای نەوتدا بۆ ئەوەی گەرەنتیی بازرگانییەکەی مسۆگەر بکا.

رووسیا تائێستاش شوێنێکی جێگر نەبووە، بۆ نموونە لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی لینین، شۆڕشگێڕەکان بارەگا سەرەکییەکانیان لە نزیك بەرهەمهێنەرە نەوتییەکان دادەنا، کە زۆربەیان لە نزیك کێڵگە نەوتییەکانی باکۆ بوون. لەگەڵ ئەوەی کە بازرگانییەکە زۆر گەورە ببوو، کە توانای دەبەخشی بە رۆیال دەتچ/ شێڵ کە شان لەشانی ستاندارد ئۆیل بدا، هەروەها توانای بەرهەمهێنانی نەوت لە رووسیا، خزمەتێکی باشی دەکردن بۆ راستکردنەوەی تەرازووی دژ بە ستاندارد ئۆیل. شۆڕشە لە ناکاوەکەی ساڵی ١٩٠٥، جیهانی بەرەو پێشبردن و ئاوەدانکردنەوەی باکۆ هاندا، وەك شوێنێکی جێگیرکراو بۆ بازاڕی نەوت بۆ ماوەی بیست ساڵ، کە وەك سەرچاوەیەکی گرینگی نەوت دەماوە.

## ٧

## دۆزینەوەی نەوت ئێرانی گۆڕی بۆ دەوڵەتێکی بەهێز

ئێران بەدوای کەسانێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە بواری نەوتدا بکەن، هەندێك کەسیان نارد بۆ پاریس بۆ ئەوەی کەسێك ببینەوە کە رازی ببێ و بێتەپێش

**خاتوو تاربێل، کە بە «سووتێنەری بەرمیلەکان» بەناوبانگە، رۆژنامەنووسێکی ئاواتەخواز و بە پەرۆش بوو. لەسەر گەندەڵیی سیاسی و بازرگانی دەینووسی، باری دارایی و داهاتە نایاساییەکان و چۆنیەتی قۆرخکردنی هەڵە بازرگانییەکانی کۆمپانیای رۆکەفێلەری ئاشکرا کرد. ئیمپراتۆریەتە مەزنەکەی رۆکەفێلەر کە لە هەموو جیهان کار و پرۆژەی هەبوو، نەیدەتوانی خۆی لەو تۆمەتانە بدزێتەوە**

**سەرباری نەمانی بازاڕی فرۆشتنی نەوتی سپی، کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا لەبواری نەوت لەسەر کارەکەیان بەردەوام بوون و رێگەیەکی تریان بۆ بازاڕکردن دۆزییەوە. هێنری فۆرد بەڕێوەبەری ئەندازیارەکان بوو، دەستی لە کار کێشایەوە و دەستیکرد بە دروستکردن و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل**

**لە سەروبەندی ئەگەری کۆتاییهاتنی ستاندارد ئۆیل، ئاسۆیەکیتر بەڕوویدا کرایەوە. عەرەبانەیەک کەوتە بازاڕ پێویستی نەبوو ئەسپ رایکێشێ، پێی دەگوترا ئۆتۆمبیل. کە بە مەکینەیەکی ناوخۆیی کاری دەکرد**

بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنتۆنی کیتابگی. دەرئەنجامی ئەو هەوڵانەی ژەنەڕاڵ کیتابگی بوو، کە بووە هۆی بازرگانییەکی گەورەی فرۆشتنی نەوت لە مێژوودا. لەگەڵ ئەوەی کە بە چەندین مەترسیدا تێپەڕی، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە دەستپێکی چاخێکی گەورەی نەوتە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. ئێران لە ١٩٣٥ ـەوە بەرەوژوور دەبێتە وڵاتێکی زۆر بەهێز لە جیهاندا کە لە زەمانی کۆندا و ئیمپڕاتۆڕیەتی پارسیانەوە ئاوا بەهێز نەبووە.

ئەو وەبەرهێنەرەی کە کیتابی دیتیەوە، ویلیام نۆکس دئارسی بوو. ئەو کەسێك بوو کە هەمیشە بەدوای وەبەرهێناندا دەگەڕا. بەهۆی کانە زێڕینەکانی کە لە ئوستڕالیا سەرچاوەی گرتبوو دەوڵەمەند ببوو. دوای چەندین دانوستان و یاریی سیاسیی بەریتانیا و ڕووسیا، دئارسی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ شا موزەفەری ئێران واژۆ کرد کە تیایدا ٢٠،٠٠٠ پاوند بە کاش، ٢٠،٠٠٠ بەش، و ١٦ لە سەدای قازانجی بەردەکەوت، دئارسی ڕێککەوتننامەیەکی بەدەست کەوت کە ٧٥ لە سەدای بۆ خۆی بوو، کە ماوەی شەست ساڵی خایاند.

دئارسی چەندین ساڵی بەسەربرد بە لێدانی بیر لە ئێران بۆ دیتنەوەی نەوت، بەڵام وای لێهات کە ئەو پارەیەی هەیبوو بەرەو نەمان دەڕۆیشت. بۆیە داوای قەرزیکرد لە حکومەتی بەریتانیا. ئەو تەنیا یەك بۆ دوو بیری دیتەوە کە نەوتێکی کەمیان بەرهەم دەهێنا. بەڵام لە بەر هۆکاری جیۆپۆلیتیکی (بەریتانیا دەیویست بیسەلمێنێ هێشتا ڕێککەوتنە بە بەهاکەی لەژێر چنگی خۆیەتی). دئارسی چەند ئاگادارییەکی سووکی پێگەیشت لە لایەن بەریتانیاوە، لەگەڵ ئەوەی کە ڕێککەوتنیش کرا لەگەڵ کۆمپانیای سکۆتیش بوڕما ئۆیل بۆ چڕکردنەوەی کارەکانیان و دیتنەوەی نەوت، لە کۆتاییدا حەوت ساڵی پێچوو تا نەوتیان دۆزییەوە.

## ٨

## نەوت ڕۆڵێکی بەرچاوی لە یەکلاکردنەوەی شەڕەکاندا گێڕاوە

جەنگی یەکەمی جیهان، جەنگێکی پێشکەوتوو و پێگەیشتوو بوو لە ڕووی میکانیکی و داهێنانە میکانیکییەکانەوە، وەك تانك و فڕۆکە کە یەکەم جار بوو دەبینرا. لە دەستپێکی ململانێکان، نەوت ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە شەڕە دەریاییەکان، ستافی ژەنەڕاڵە ئەڵمانییەکان، بە هەبوونی نەخشەپلانێکی تۆکمە، پێیانوابوو کە هەڵمەتی گرتنی ڕۆژئاوا زۆر خێرا و تەواوکەر دەبێت. لە دەستپێکی دوژمنکارییەکان، سوپای ئەڵمانیا بە پێی نەخشەپلانەکە پاڵەپەستۆیەکی زۆریان خستەسەر فەڕەنسا، لە سەرەتای سێپتەمبەری ١٩١٤، بەشی ڕاستی سوپای ئەڵمانیا تەنیا ٤٠کم لە پاریس دوور بوون.

سوپای ئەڵمانیا زۆر بە خێرایی بەرەو پاریس دەڕۆیشت. گرووپێکی بچووکی فەڕەنسی توانی ئەوان رابگرێت. هیچ ڕێگایەك نەبوو بۆ ئەوەی هێڵی ئاسنین بەکار بینن. بە پێ ڕۆیشتن کاتێکی زۆری دەویست. ژەنەڕاڵ جۆزف گالییێنی ڕێگایەکی بۆ گواستنەوەی بە کۆمەڵی ٣٠٠٠ سەرباز بە تاکسییەکانی پاریس بۆ بەرەکانی پێشەوە دانا. هێزی پشتیوانی توانای بە فەڕەنسییەکان بەخشی کە بتوانن ئەڵمانەکان را بگرن.

لە کۆتاییدا، نەخشەپلانەکانی چەرچل بۆ هێزی شانشینی دەریایی زۆر بە باشی کاری کرد، بەوەی کە توانی کەشتییەکانی ئەڵمانەکان کە بە خەڵوز کاریان دەکرد، لە زۆربەی شەڕەکاندا تێکبشکێنێ.

## ٩

## ململانێی زلهێزەکان لەسەر نەوتی ڕۆژهەڵات

پێش جەنگی یەکەمی جیهان، زلهێزەکانی ئەورووپا (فەڕەنسا، ئەڵمانیا، بەڕیتانیا) ململانێیان دەکرد لەسەر کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە ناوچەی میزۆپۆتامیا، دەستپێکی ململانێیەکە لە لایەن هاوبیرە ئەڵمانییەکان دەستپێکرد کە یەکیان گرتبوو، دژ بە ویلیام کنۆکس د ئارسی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ- پێرژن (کە قازانجێکی زۆری هەبوو بۆ بەڕیتانیا) بەڵام یاریکەری سێیەم، کە ناسرابوو بە کۆمپانیای نەوتی تورکی پلانەکانیانی تێکدا، بۆ دژایەتیکردنی کالۆست گولبێنکاین، چونکە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەم ناوچەدا، کە لەسەدا ١٥ی پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی هەبوو، هەروەها ییرگن نازناوی «کاکی پێنج لە سەدا» لێنرابوو.

گولبێنکن ئەو پێنج لە سەدا پشکەی کە هەیبوو بۆ فشارکردن بەکارهێنا لەکاتی دانوستاندن بۆ کڕینی پشکەکانی. توانی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی تورکی دوابخات، تاوەکو دۆزینەوەی نەوت لە عێراق کە جۆش و خرۆشێکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا.

کۆڵۆست هەر لەو هاوینەدا بەلەمێکی بەکرێ گرتبوو لە ناو دەریای ناوەڕاستدا، بە مەبەستی گەشتکردن لەگەڵ ڕیتای کچی لە کەناراوەکانی وڵاتی مەغریب، چاوی بە جۆرە کەشتییەك کەوت کە تا ئەو کاتە نەیدیبوو، دووکەڵکێشێکی زۆر گەورە و زەبەلاحی هەبوو، لەگەڵ لاشەی گەورەی کەشتییەکە کە زۆر سەیر بوو بە لایەوە. پرسیاری کرد: ئەوە چی بوو؟ ڕیتا وەڵامی دایەوە: ئەوە کەشتیی بارهەڵگری نەوتە و ئەو یەك لە گەورەترین مامەڵە بازرگانییەکانی نەوتی لە سەدەدا ئەنجام دابوو.

**کودەتاکەی ساموێل سەرکەوت و تۆمارکرا لە مێژووی کاریدا. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٩٣، ساموێل زیاتر لە ١٠ کەشتی ناردبوو بۆ نۆکەندی سوێس. لە کۆتایی ١٨٩٥، لەو شەست و نۆ کەشتییە بارهەڵگرەی لە نۆکەندی سوێس تێپەڕ ببوون، تەنیا چواریان نەبێ ساموێل خاوەنداریەتی نەدەکرد. لە ١٩٠٢، هەموو ئەو نەوتانەی بە نۆکەندی سوێسدا ڕۆیشتن، لە سەدا نەوەت هی ساموێل و تیمەکەی بوون**

**جیهان لە شەواندا پێویستییەکی بەرچاوی بە ڕووناککەرەوە هەبوو. سەرچاوەکانی پێش بەردی نەوتی جۆرێکی باش نەبوون بۆ مەبەستی ڕووناککردنەوە، سووتەمەنییەکانی دیکەش لەوانە ئەو غازەی لە گوندەکان بەکاردەهات، گران بوون و مەترسیی تەقینەوەشیان هەبوو. بەڵام نەوت لە تواناییدا بوو کە ڕووناکییەکی باش ببەخشێ**

**قۆرخکردنی زانیارییەکانیی نەوت لە سەرەتای دیتنەوەی نەوتدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستی پێ کردووە، واتا دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆ کە بە پاڵپشتی خاوەنکار و ڕۆشنبیرەکانی تا دەهات بە شێوەیەکی زۆر خێرا دەبووە هێزێکی گەورەی پیشەسازی**